گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
*Vol. 10, No. 1, pp. 19–41, March -2022*
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# پرۆسەی لێکدان و وشەدروستکردن لـە زمـاندا
## (کەرەستەی شێوەزاری خانەقی بە نموونە)

**سۆزان کەریم محەمەد[1*] ، ئومێد برزان برزو[2]**

[1]بەشی زمانی کوردی ـ کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان ـ زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

[2]بەشی زمانی کوردی ـ کۆلێجی پەروەردە ـ زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

وەرگرتن: 2021/12   پەسەندکرن: 2022/01   بەلاڤکرن: 2022/03   https://doi.org/10.26436/hjuoz.2022.10.1.811

**پوختە:**

ناونیشانی توێژینەوەکە (پرۆسەی لێکدان و وشەدروستکردن لـە زمـاندا)دایە، مەبەستی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە، خستنەڕووی پرۆسەی لێکدان لە ئاستەکانی زمان لەلایەك و لە ڕوانگەی قوتابخانە زمانەوانییەکان لە لایەکی ترەوە، هەروەها باس لە مۆدێل و پرۆسەکان و یاساکانی وشەدروستکردن و وشەلێکدان و کرداری لێکدراو بە کەرەستەی شێوەزاری خانەقی کراوە، کە یەکێکە لە شێوەزارەکانی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردی، کەرەستە و نموونەکانیش لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی ئێستای شێوەزاری خانەقی وەرگیراون. لەم لێکۆڵینەوەدا ڕێبازی پەسنی شیکاری پەیڕەوکراوە.

**پەیڤێن سەرەکی**: پرۆسەی لێکدان، وشەدروستکردن، وشەلێکدان، کرداری لێکدراو، شێوەزاری خانەقی.

## پێشەکی

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ناونیشانی توێژینەوەکە (پرۆسەی لێکدان و وشەدروستکردن لـە زمـاندا)دایە، مەبەستی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە، خستنەڕووی کەرەستە پێکهێنەرەکانی کرداری لێکدراوە لە چوارچێوەی پێواژۆ مۆرفۆلۆجییەکان و تایبەتمەندییەکانی لەم شێوەزارەدا.

**کەرەستەو سنووری توێژینەوەکە:**

ئەم کارە لە سنوری شێوەزاری خانەقیدایە، کە یەکێکە لە شێوەزارەکانی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردی، کەرەستە و نموونەکان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی ئێستای شێوەزاری خانەقی وەرگیراون.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی پەسنی شیکاری پەیڕەوکراوە، هەروەها بە شێوەیەکی زانستی نموونەکانی شێوەزارەکە کۆکراوەتەوە و پاشان بەپێی ڕێساو بنەماکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە شیکراونەتەوە.

**هۆی هەڵبژاردن و گرنگیی توێژینەوەکە:**

هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە، لەوانە:

1- تائێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی سەربەخۆ لەبارەی پێواژۆ مۆرفۆلۆجییەکانی کرداری لێکدراو لەم شێوەزارەدا نەکراوە، بۆیە بەپێویستمان زانی ئەم ناونیشانە هەڵبژێرین و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، چونکە کرداری لێکدراو بەشێکی گەورەی فەرهەنگی زمانی کوردی پێکهێناوە.

2- لێکۆڵینەوەی زۆرکەم لەبارەی ئەم شێوەزارەوە کراوە، بۆیە لە ئێستادا لێکۆڵینەوەی زانستیی تایبەت بەم شێوەزارە بووە بە یەکێك لە پێویستییە سەردەم و گرنگەکانی بواری زمانەوانیی کوردی بەمەبەستی ئاشنابوون و گەشەپێدانی زیاتر بەم شێوەزارە.

3- لە شێوەزاری خانەقیدا زۆر هۆکاری وەکو: ئاینی، سیاسی، جوگرافی، ئابووری، ...تد کاریگەرییان لەسەر شێوەزارەکە هەبووە، هەر بۆیە بەگرنگی دەزانین ئەو نموونانە بخەینەڕوو، کە زمانەکانی تر بەشدارییان لە دروستکردنی کرداری لێکدراودا کردووە.

**گیروگرفتی توێژینەوەکە:**

**گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە لە دوو خاڵدا دەخەینەڕوو:**

1- نەبوون یاخود کەمی سەرچاوەی پێویست تایبەت بەم شێوەزارەو دەربارەی کرداری لێکدراو بەو شێوەیە کە لێکۆڵینەوەکە مەبەستێتی.

2- لایەنێکی تری گرفتی لێکۆڵینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی فەرهەنگ لەسەر ئەم شێوەزارە، بۆ ئەوەی نموونەکان بەڕاستو

* ڤەکولەرێ بەرپرس.

دروستی وەربگرین، چونکە لە کاتی ئاخاوتنی قسەپێکەرانی شێوەزارەکەوە شێوازی جیاواز لە درکاندنی نموونەکاندا دەبینرا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پێکهاتەی ئەم شێوەزارە لەژێر کاریگەریی چەند شێوەزارێکی تری زمانی کوردیو زمانەکانی تردا هەبووە بەتایبەت زمانەکانی فارسیو عەرەبیو تورکی.

**1/1)پرۆسەی لێکدان و تیۆری پێویست:**

زمان هۆکارێکە بۆ دەربڕینی بیرو گوزارشتکردن لە دیاردە و شتەکانی دەوروبەرمان، بۆیە بەپێی گۆڕانی هەریەك لەمانە زمانیش گۆڕانی بەسەردا دێت، هەر کاتێك بیرێکی نوێ یان شتێکی نوێ دێتە بواری ژیانەوە، بەر لە بەکارخستنی پێویستی بە ناونان هەیە، کە لە ڕێگەی پرۆسەیەکەوە وشەیەك یان دەستەواژەیەکی بۆ دادەنرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی. سەرەڕای ئەوەی کە فەرهەنگ بەردەوام بەپێی پێویست وشەی تێدەڕژێتو لێیشی دەردەچێت(فاروق عومەر سدیق، 2011: 49). ئەو وشانەی دێنە ناو فەرهەنگەوە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشە و گۆڕان لە زماندا، چونکە هاتنە ناوەوەی وشە بۆ ناو زمان بە هەر ڕێگایەك بێت، زمان لە چەقبەستوویی دەپارێزێت. دەبێت ئەوەش بزانین، کە لە هەر ئاستێکدا گۆڕان بەپێی یاساو دەستور ڕوودەداتو لەخۆوەو بێ سەرو شوێن نابێت(بڕوانە: ا– محەمەد مەعروف فەتاح، 2011: 119). ب– دلێر سادق کانەبی، 2018: 61).

لێکدان یەکێکە لە پێواژۆ سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ لە زماندا، زمانی کوردیش لە زمانە لکاوە تێکچرژاوەکانەو یەکێکە لەو زمانانەی کە ئەم پرۆسەیەی تێدا بەبەرهەمەو لە هەموو بەشە ئاخاوتنەکانی وەکو (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، کردار، ...) ئەم پرۆسەیە دەبینرێت. یاخود لە ڕێگەی ئەم پێواژۆوەوە، کە بەلایەنی کەم دوو وشەی سادەی واتادار یان دوو مۆرفیمی سەربەخۆ لێکدەدات بۆ دروستکردنی وشەی نوێ ، ئینجا واتای وشە نوێیەکە پەیوەندی بە واتای وشە پێکهێنەرەکانییەوە هەبێت، یاخود نەبێت(میدیا مراد محمدامین، 2009: 89)..

بەگشتی ئەو پرۆسانەی ڕۆڵ لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان دەبینن لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا، هەردوو پرۆسەی داڕشتن و پرۆسەی لێکدانە، کە بە پێواژۆی مۆرفۆلۆجی ناودەبرێن . زمانی ئینگلیزیش یەکێکە لەو زمانانەی کە لە ڕێگەی هەردوو پرۆسەی (داڕشتن و لێکدان)وە، کە بە بەرهەمترین پرۆسەن لە زمانەکەدا، کە وشەی نوێیان دروستکردووە Borbala Richter, 2006: 42)، واتە لە زۆربەی زمانەکاندا پرۆسەی لێکدان بۆ دروستکردنی وشەی نوێ بەکارهاتوە بە بەراورد بە پرۆسەکانی تر Geert) Booij, 2005: 75). هەر لەم ڕوانگەیەوە لێکدانی وشەکان و دروستکردنی وشەی نوێ لە ڕووی فۆرم و واتاوە کردەیەکی گشتییە

و لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بوونی هەیە، هەر بۆیە بە لێکدانی دوو مۆرفیمی سەربەخۆ یان مۆرفیمێکی سەربەخۆ و مۆرفیمێکی ڕەگ بە یاریدەی ئامراز یان بێ ئامراز وشەیەکی نوێ سازدەبێت (شێروان حسێن حمد، 2014: 83).

**1–1/1) پرۆسەی لێکدان لە ئاستەکانی زمان:**

ئەم پرۆسەیە لە هەموو ئاستەکانی زماندا بوونی هەیە، تەنها تایبەت نییە بە یەکێك لە پێکهاتووەکانی زمان، بەڵکو لە هەر پێکهاتوویەکدا یاسای تایبەتی خۆی بۆ لێکدانی دانەکانی/ کەرەستەکانی هەیە. پێویستە پرۆسەی لێکدان لە ئاستەکانی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیکدا بخرێتەڕوو Ludmila) Veselovska, 2017: 37). ئەوەی زیاتر تائێستا باس کرابێت، تەنها لە پێکهاتووی مۆرفۆلۆجیدا باس لەم پرۆسەیە کراوە، هەر بۆیە ئێمە بەپێویستمان زانی پرۆسەی لێکدان لەو ئاستانەی کە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەماندایە بیخەینەڕوو:

**1–1–1/1) پرۆسەی لێکدان لە ئاستی دەنگسازیدا:**

فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی دوو لقی جیاوازی زانستی زمانن و سەر بە ئاستی دەنگسازین و هەردووکیان تەواوکەری یەکترن. فۆنەتیك ئەو لقەی زانستی زمانە، کە لە کەرەستە خاوەکانی زمان دەکۆڵێتەوە و زانستێکی گشتییە. هەروەها وەك زانستێك گرنگی بە لێکۆڵینەوەی دەنگەکانی زمان و شیکردنەوە و جیاکردنەوەیان دەدات، یاخود ئەو لقەی زانستی زمانە کە لە دروستکردن و گواستنەوە و وەرگرتنی دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە (سەلام ڕەحیم ڕەشید، 2014: 23). سەبارەت بە پێکهاتووی فونۆلۆجیش ئەو لقەی زانستی زمانە ، کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو دەدات، ئەرکی لێکدان و خستنەپاڵی فۆنێمەکانە لە چوارچێوەی مۆرفێم و وشەدا، هەروەها زانستێکی تایبەتە. لە هەر زمانێکدا کۆمەڵە دەنگێ هەیە، کە بەهۆی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دروستدەکرێن ، ئەم دەنگانە سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانەکە پێکدەهێنن، بەهۆی یاسا فۆنۆلۆجییەکانەوە ئەم فۆنێمانە لەناو قاڵبی برگەی فۆنەتیکی یەکدەگرن و برگەی فۆنۆلۆجی پێکدەهێنن، هەروەها بە فۆنێمێك یان زیاتر مۆرفێم پێکدێت و بە مۆرفێمێك یان زیاتر وشە پێکدێت، بە وشەیەك یان زیاتر فرێز پێکدێت و چەند فرێزێکیش ڕستە پێکدەهێنێت (وریا عومەر ئەمین، 2004: 224). هەندێك جار لە ئەنجامی لێکدانی فۆنێمەکان چەند گۆڕانێك بەسەر فۆنێمەکاندا دێت، کە بە یاسا فۆنۆلۆجییەکان ناودەبرێن، ئەوانیش (پەیدابوونی دەنگ، تێچوونی دەنگ، دەنگگۆڕکێ، لێکچوونی دەنگ، جێگۆڕکێ دەنگ، تەبایی دەنگ، ...تد)ن، پێواژۆی لێکدان لەم ئاستە و شێوەزارەدا بە چەند نموونەیەك دەخەینەڕوو (**بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: ئومێد برزان برزو**، 2015: 68–79):


- ب + چو + ەو = بچورەو (بچۆرەوە)

- هاتم + ە + ەو = هاتمەسەو (هاتومەتەوە)
- نە + بەسیاس = نەوەسیاس (نەبەستراوە)
- ماموسا + ەگە = ماموساگە (مامۆستاکە)
- قاپی + ەگە = قاپێگە (قاپێگە)
- سێ + دە = سێنزە (سێزدە)

1/1-1-2)پرۆسەی لێکدان لە ئاستی وشەسازیدا:

وشەسازی وەکو لقێکی گرنگی زانستی زمان لە پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان دەکۆڵێتەوە. کەواتە وەکو پێکهاتوویەکی گرنگی زمان ئەرکی ڕێکخستنی وشەکان و دروستکردنیانە بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی پێواژۆی لێکدان لە مۆرفۆلۆژجیدا و دەرخستنی پەیوەندی نێوان لێکدان و ڕێگە مۆرفۆلۆجییەکانی تر، بەکورتی تیشك دەخەینەسەر تێڕوانینی هەندێك زمانەوان، لەوانە:

(باوەر) مۆرفۆلۆجی دەکات بە دوو لقی سەرەکییەوە (گەردانکردن و وشەڕۆنان). پوختەی دابەشکردنەکەی لە شێوەی هێڵکارییەکەیدا بەم جۆرەی لای خوارەوە نیشاندەدات: Bauerk, 1983 ) (34لە (محەمەد عومەر عەول، 2001: 15) وەرگیراوە):




هێڵکاریی ژمارە (1)

هەروەها بە بۆچوونی (هەدڵسن) مۆرفۆلۆجی بۆ دوو جۆری سەرەکی (مۆرفۆلۆجیی فەرهەنگی و مۆرفۆلۆجیی گەردانکردن) دابەشدەبێت، چونکە هەر لێکسیمێك تاکە قەدێکی فەرهەنگی هەیە، فۆرمی لێکسیمەکە، یان هاوشێوەیە لەگەڵ قەدە فەرهەنگییەکەدا، یان لە ئەنجامی کردەی گەردانکردنەوە لێی وەرگیراوە(محەمەد عومەر عەول، 2001: 15).

ئەگەر سەرنجی هەردوو بۆچوونەکە (باوەر و هەدڵسن) بدەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، هەردووکیان مۆرفۆلۆجی بۆ دوو بەش (گەردانکردن و ڕێگەکانی سازکردنی وشە) دابەشدەکەن، جگە لە گەردانکردن، کە خاڵی هاوبەشە لە نێوانیاندا، وشەڕۆنان لای (باوەر) لە مۆرفۆلۆجیی فەرهەنگی لای (هەدڵسن) بەرانبەر یەکتر دەوەستن. لەبارەی وشەڕۆنانەوە ئەوەی تایبەتە بە زمانی کوردی، چەند ڕێگەیەك هەیە بۆ دروستبوونی وشەی نوێ، ئەوەی لەناویاندا سەرەکی و گرنگ بێت (داڕشتن) و (لێکدان)ە، واتە ئەم دوو پرۆسەیە ڕێگای گرنگن لە دروستکردنی وشەی داڕێژراو و لێکدراو لە زمانەکەماندا. زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی کە سوود لە پرۆسەی لێکدان وەردەگرێت لە دروستکردنی وشە و زاراوەی نوێ، کە گوزارشت لە دیاردە و شتەکانی دەوروبەر دەکات، هەروەها ئەم پرۆسەیە چالاکترینە لە دەوڵەمەندکردن و بەرەو پێشچوونی زماندا. دیارە ئەوەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە کرۆکی بابەتەکەمانەوە هەیە و جەختی تەواوی دەکەینە سەر پرۆسەی یاخود ڕێگەی (لێکدان)ە ، کە یەکێکە لە ڕێگە سەرەکی و چالاکەکانی دروستکردنی وشە و زاراوەی نوێ لە زمانی کوردی و بەتایبەت لە شێوەزاری خانەقیدا. لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا بەلایەنی کەم وشەی سادە مۆرفیمێکە هەندێ جار دوو مۆرفێم یان زیاتر لێکدەدرێن بۆ دروستکردنی وشە ناسادەکان(میدیا مراد محمدامین، 2009: 15). مەبەست لە وشە ناسادەکان وشەی داڕێژراو و وشەی لێکدراوە، هەرچەندە وشەی داڕێژراو لە ڕێگەی پرۆسەی داڕشتنەوە دروستدەبێت، بەڵام لە هەمان

کاتدا بە لێکدانی مۆرفێمێکی سەربەخۆ و مۆرفێمێکی بەندیش دروستدەبێت، بۆ نموونە :

1- وشەی داڕێژراو : کرداری داڕێژراو

نە + خوەش = نەخوەش — ئەڵ + گرد = ئەڵگرد

ڕەفت + ار = ڕەفتار — دا + گرد = داگرد

2- وشەی لێکدراو : کرداری لێکدراو

ڕوی + خوەش = ڕوی خوەش — خوسە + خوارد = خوسەخوارد

ماس + ئاو = ماساو — چوڵ + کرد = چوڵکرد

3–1–1/1**پرۆسەی لێکدان لە ئاستی ڕستەسازیدا:** ڕستەسازی گەورەترین یەکەی ڕێزمانی زمانە، ئەرکی ڕێکخستنی وشەکانە لە چوارچێوەی ڕستەدا. یاخود لێکۆڵینەوەیە لە چۆنیەتی ڕێکخستنی وشەکانە لە پێکهاتەی فرێز و ڕستەدا، فرێزیش وەکو هەر دانەیەکی تری زمان دەتوانێ بەشداری لە دروستبوونی ڕستەدا بکات (Radford, A. 1997: 272) لە (نەسرین نوری عەبدوڵڵا، 2016: 146) وەرگیراوە). بێگومان بە لێکدانی کەرەستەکان یان وشە و فرێزەکان ڕستەی واتادار دروستدەبێت، دوو جۆر لێکدان لەم ئاستەدا بەدیدەکرێت، یەکەمیان لێکدانی کەرەستەکان بەبێ ئامراز، دووەمیان لێکدانی کەرەستەکان بەیاریدەی ئامراز، بۆ نموونە :

ا– لێکدان بەبێ ئامراز:

1- پشییەگە ئاشەگە خوارد. (پشیلەکە چێشتەکەی خوارد)

بکەر + بەرکار + کرداری بنەڕەتی

2- دوێتەگە سەنگیاگە ئەڵگرد. (کچەکە سەرینەکەی هەڵگرت)

بکەر + بەرکار + کرداری داڕێژراو

3- موهەندیسەگە خانییەگە تەعمیرکرد. (ئەندازیارەکە خانووەکەی نۆژەنکردەوە)

بکەر + بەرکار + کرداری لێکدراو

ب– لێکدان بە یاریدەی ئامراز:

1- ئازاد و نەوزاد و ئارام ڕەسین. (ئازاد و نەوزاد و ئارام گەیشتن)

2- ئێوە نان و پەنیر و ماس نێخوەن. (ئێوە نان و پەنیر و ماست ناخۆن)

3- من نامە ئەرا خزم و ڕەفیقەگانم کلکردم. (من نامەم بۆ خزم و هاوڕێکانم نارد)

4- ئازاد مامم مرد. (ئازادی مامم مرد)

5- دوێت خوەشکەگەم شویکرد. (کچی خوشکەکەم مێردیکرد)

6- کوڕەگەی ئیمە وە یەکەم دەرچی. (کوڕەکەی ئێمە بە یەکەم دەرچوو)

ئەو نموونانەی کە لە (ا– 1 2 3) خراونەتەڕوو، لە سێ جێکەوتە پێکهاتووە، ئەویش (بکەر ، بەرکار ، کردار)ە ، کە بەبێ ئامراز خراونەتە پاڵ یەك و ڕستەیەکی واتاداری دروستکردووە. لە نموونەکانی (ب – 1 2 3)دا بە هەمان شێوە لە چەند کەرەستەیەك پێکهاتووە، کە بەیاریدەی ئامرازی (و) خراونەتە پاڵ یەکتریەوە و لە ڕستەی یەکەمدا (ئازاد و نەوزاد و ئارام) ڕۆڵی بکەر دەبینن، لە ڕستەی دووەمدا (نان و پەنیر و ماست) ڕۆڵی بەرکار دەبینن، لە ڕستەی سێیەمدا (ئەرا خزم و ڕەفیقەگانم) ڕۆڵی سەربار دەبینن. هەروەها لە نموونەکانی (ب ـ 4 5 6)دا دوو ناو بە یاریدەی ئامرازی خستنەسەری (ی) لێکدراون، کە دیارخەرەکان بەهۆی ئەم ئامرازەوە بە ناوە

دیارخراوەکانەوە نوساون. دەبینین لە نمونەکانی (ب ـ 4 5)دا ئامرازی خستنەسەری (ی) دەرنەکەوتوە و بووەتە مۆرفێمی سفر، چونکە سەرەی فرێزە ناوییەکە بە پیتی نەبزوێن کۆتایی هاتوە، بەڵام لە نمونەی (ب ـ 6)دا سەرەی فرێزەکە بە پیتی بزوێن کۆتایی هاتوە و ئامرازی خستنەسەری (ی) دەرکەوتوە.

ئەوەی جێی سەرنج بێت ئەوەیە، لێکدانی کەرەستەکان لەم ئاستەدا هەندێ جار کێشەو گرفت دروستدەکات، ئەوەش لە کاتی جێگۆڕکێکردنی کەرەستەکاندایە. چونکە بە ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییە واتای ڕستەکە دەگۆڕێت، ئەمەش کاتێك ڕوودەدات، کە دوو ناو لێکدەدرێن، پەیوەندی دیارخراو و دیارخەر لە ڕستەدا دروستدەکەن (بەکر عومەر عەلی، 1992: 6). بۆ نموونە:

کاوەی مەریوان لە ئاوەگە نقومبی ⟵ مەریوانی کاوە لە ئاوەگە نقومبی.

دیارخراو دیارخەر    دیارخراو دیارخەر

هەروەکو لەو نموونەیەدا دەردەکەوێت، جگە لە گۆڕینی ڕۆڵی دیارخراو و دیارخەر لە ڕستەکەدا، هەروەها واتای ڕستەکەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

جگە لەو نموونانەی خرانەڕوو، پێویستە پرۆسەی لێکدان لەم ئاستەدا لە دروستەی فرێزو ڕستەدا ئاماژەی پێبکەین، کە بە لێکدانی وشەو مۆرفێمەکان فرێز پێکدەهێنرێت، هەروەها بە لێکدانی وشەو فرێز ڕستە دروستدەکرێت و بەیاریدەی ئامرازی (تا، ئەوجا، بەس، نە، ش، ...تد) لەم شێوەزارەدا ڕستەی لێکدراو دروستدەکرێت، بۆ نموونە:

1- فرێز:
- خانی + ەگە = خانییەگە (خانووەکە)
- زەوی + ەگە = زەوییەگە (زەوییەکە)

2- ڕستەی لێکدراو:
- نەسرین دەرسەگە خوەنست، ئەوجا هات. (نەسرین وانەکەی خوێند، ئینجا هات)
- ئازاد نیشت، تا نەوزاد هات . (ئازاد دانیشت، تا نەوزاد هات)
- زمسان هات، بەس سەرد نەوی. (زستان هات، بەڵام سارد نەبوو)
- من کوردم، تنیش کوردی. (من کوردم، تۆش کوردی)

### 2-1/1) پرۆسەی لێکدان لە ڕوانگەی قوتابخانە زمانییەکانەوە:

بێگومان پرۆسەی لێکدانی وشەکان و دروستکردنی وشەی نوێ دیاردەیەکی باو و کردەیەکی گشتییە و دەتوانین بڵێین لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بەکاردەهێنرێت بەتایبەتی لە زمانەکانی خێزانی هیندۆئەوروپی، کە زمانی کوردیش سەربەم خێزانەیە، هەروەها ڕوونە بە لێکدانی دوو وشە یان زیاتر وشەی لێکدراوی لێ دروستدەکرێت، کەواتە وشەی لێکدراو لە ڕێگەی پرۆسەی لێکدانەوە دروستدەبێت، وەکو (پیاوکوش، براژن، سەرکەفت، دڵخوەش، ...تد)، لێرەدا بەکورتی بۆچوون و تێڕوانینی قوتابخانە زمانییەکان لەم بارەیەوە دەخەینەڕوو:

1-2-1/1) پرۆسەی لێکدان لە ڕوانگەی قوتابخانەی دێرین (چاولێکەری):

ئەم قوتابخانەیە لە سەردەمی (ئەفلاتۆن، ئەرستۆ)وە دەستپێدەکات، دەکرێت ئەرستۆ (4 پ.ز) بە یەکەم ڕێزماننوسی ڕۆژئاوایی دابنرێت، دواتر لەلایەن زانا یۆنانییەکانی دیکەوە پەرە بە لێکۆڵینەوەی زمان درا و پاشان لە ڕێگەی ڕۆمانییەکانەوە گەشەی سەندووە. واتە قوتابخانەی چاولێکەری لەسەر بنەمای توێژینەوەی زمانی گریکی و لاتینی دامەزرابوو، هەر بۆیە ئەم کارانە بوون بە سەرمەشقێك بۆ نووسینی ڕێزمانی زمانەکانی تر، یاخود بوو بە بەردی بناغەی قوتابخانەکانی دوای خۆی، تا ئێستاش پشت بە پۆلکردنی ڕێزمانی ئەم قوتابخانەیە دەبەسترێت، وەکو دابەشکردنی بەشەکانی ئاخاوتن و هەروەها لەبارەی وشەی لێکدراوەوە کە لە دوو کەرت یان زیاتر پێکدێت، یان جیاکردنەوەی وشەی لێکدراو لە وشەی داڕێژراو بۆ ئەم قوتابخانەیە دەگەڕێتەوە، کە بە قوتابخانەی چاولێکەری (تقلیدی) ناسرابوو (نازەنین جەلال ئەحمەد، 2004: 37). زمانەوانانی ئەم قوتابخانەیە هەندێ یاسا و ڕێسایان داناوە لەبارەی

لێکدانی وشەکان و دروستکردنی وشەی لێکدراو ، کە دەکرێت لەسەر هەموو زمانەکانی جیهان پەیڕەوبکرێت ، بەبێ ئەوەی تایبەتمەندێتی هەر زمانێك لەبەرچاوبگیرێت، وەك ئاشکرایە هەر زمانەو یاسای تایبەتی خۆی هەیە بۆ لێکدانی وشەکان و دروستکردنی وشەی نوێ. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قوتابخانەیە ئەوەیە، کە پێیان وابووە، بەشە پێکهێنەرەکانی وشەی لێکدراو هەمیشە وشەن، بەڵام مەرج نییە، تەنیا وشە بن، بەڵکو دەکرێت، ڕەگیش وەکو دانەیەکی ڕێزمانی هەرە گرنگ و چالاك بەشداری لە دروستکردنی وشەی لێکدراودا بکات (نازەنین جەلال ئەحمەد، 2018: 100). وەکو (فێرخواز، پەیامنێر، شەڕفرۆش، ...تد)، هەروەها زیاتر بایەخیان بە فۆڕم داوە و واتایان پشتگوێخستووە، یاخود تێکەڵ بەیەکدیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ شیکردنەوەی وشەی لێکدراو بایەخێکی ئەوتۆیان بە دروستبوونی دروستەی قووڵ نەداوە، ئەمەش مانای وایە، ئەم شیکردنەوەیە ئەو وشە لێکدراوانە ناگرێتەوە، کە لە بنجدا فرێزن.

2-2-1/1) **پرۆسەی لێکدان لە ڕوانگەی ڕۆنانکارەکان/دروستەکارییەکان:**

لە سەدەی بیستەمدا زانستی نوێی زمان تیۆرێکی ڕێزمانی زیاتر گشتگیری لە ڕێبازی قوتابخانەی دێرین و تاڕادەیەك لەبارتر و گونجاوتر لە پەسنکردنی هەموو زمانەکانی جیهاندا پەیڕەوکرد، ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتن و دامەزراندنی ڕێبازی پەسنی (وەسفی)، ئەم ڕێبازە لە دوو جێی جیاوازدا سەریهەڵدا، یاخود ئەکرێت بڵێین دروستەکارییەکان دوو قۆناغی هەیە، سەرەتا و دەستپێك کە لەسەر دەستی سۆسێر دامەزرا و بە ڕۆنانکاری ئەورووپایی ناسراوە، قۆناغی دووەمی ڕۆنانکاری ئەمریکایی سەریهەڵدا، لە دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی (زمان)ی زمانەوانی ئەمریکی (بلۆمفیڵد) لە ساڵی (1933) وەك تیۆرییەکی زمانی جێگیربوو (دارا حەمید محەمەد، 2013: 61). ئەم ڕێبازە بۆ ماوەیەکی زۆر لە زۆربەی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا جێبەجێدەکرا. لەم ڕێبازەدا، زمانەوانەکان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا گرنگییان بە لایەنە هەستپێکراوەکانی زمان واتە فۆرم دەدا. پەسنی باری ئێستای زمانی (قسەکردن/ئاخاوتن)یان دەکرد، بە بۆچوونی ئەوان فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی دوو بابەتی بەرجەستەن، بۆیە جێگەی گرنگیپێدانیان بوو، بەڵام واتایان پشتگوێخستبوو، هەروەها هیچ گرنگیان بە زانیاریی زمان و زانیاریی قسەکەریش نەئەدا(سەلام ناوخۆش، 2008: 46–47).

زمانەوان (ف. دی سۆسێر) بە باوکی زمانناسی نوێ دادەنرێت، بەوەی کە چەندان جووتە پێکهاتەی وەکو (زمان و ئاخاوتن، لێکۆڵینەوەی دایکرۆنی و سایکرۆنی، پەیوەندیی ستونی و ئاسۆیی، زمان و نوسین، سیمۆلۆژیا (دال و مەدلول) باسکردووە، هەروەها لە کتێبەکەیدا ڕوونی کردەوە، کە زمان سیستەمە و لە پێکهاتەی زمانی کۆڵیوەتەوە. لەبارەی پرۆسەی لێکدانەوە، کە سەرچاوەی دروستبوونی وشەی لێکدراوە ، سۆسێر لە میتۆدی دایکرۆنی و سایکرۆنیدا باس لە وشە لێکدراوەکان دەکات، کە چۆن بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانیان بەسەردا دێت، لە ڕووی فۆڕم یان فۆڕم و واتاوە جۆرە تەمومژییەك بەخۆوە دەگرن، هەر بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پێویستی زمان وامان لێدەکات، کە لە هەندێك باردا لێکۆڵینەوەی مێژوویی پشتگوێ نەخەین و بگەڕێین بە دوای چارەسەری لەبار بۆ ناسینەوەی پێکهاتەی وشە لێکدراوەکان (نازەنین جەلال ئەحمەد، 2004: 17–18) لە (دی سۆسێر، 1985: 92) وەریگرتووە).

قوتابخانەی ئەمریکایی، کە (بلۆمفیڵد) ڕابەری بوو، بۆ شیکردنەوەی وشەی لێکدراو ڕێگەی دابەشکردنی بنجی بەکاردەهێنا، کە بریتییە لە دابەشکردنی وشە لێکدراوەکان بۆ یەکەی وردتر، تاڕادەیەك نەتوانرێت لەوە زیاتر لەتبکرێت، چونکە واتاکانیان تێکدەچێت و بەمانەش دەوترێت (مۆرفێم)، هەر وشەیەکی لێکدراویش لە دوو مۆرفێم یان زیاتر پێکدێت. مۆرفێم کە بچوکترین یەکەی واتاداری زمانە یاخود ئاخاوتنە بابەتی سەرەکی مۆرفۆلۆجییە، زاراوەی مۆرفێم لەگەڵ پەیدابوونی قوتابخانەی دروستەکاریی سەریهەڵدا، لە کاتێکدا قوتابخانەی چاولێکەری لە (وشە)وە دەستیان پێکردبوو، بەڵام دروستەکارەکان لە فۆنێم و پاشان مۆرفێمەوە ئینجا وشە دەستیان پێکرد (سەلام ناوخۆش، 2005: 59).

3-2-1/1) **پرۆسەی لێکدان لە ڕوانگەی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە:**

سەرهەڵدانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە (Transformation Generative Grammar) بە سەرەتایەکی گرنگ لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا دادەنرێت. ئەم ڕێزمانە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ قوتابخانەکانی تری زمانەوانیدا هەبوو، چونکە وەرچەرخانێکی گەورەی لە ڕەوشی بەرەوپێشچوونی لێکۆڵینەوەی زماندا دروستکرد و هەموو قوتابخانەکانی پێش خۆی ڕامالّی و زمانەوانەکان بەپێی ئەم ڕێزمانە لە زمانیان دەکۆڵییەوە، دامەزرێنەری ئەم ڕێزمانەش لە لایەن نوام چۆمسکییەوە بوو.

ئەو کەموکورییانەی لە ڕێبازی دروستەکارەکاندا هەبوو، بووە هۆی ئەوەی لە لایەن زمانەوانەکانەوە چەندین ڕەخنەیان ئاڕاستەبکرێت و لە ئەنجامدا بووە هۆی ئەوەی کە قوتابخانەیەکی تری زمانەوانی بەناوی (ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە) سەرهەڵبدات، دوای ئەوەی کە چۆمسکی کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی بەناوی (دروستە سینتاکسییەکان) لە ساڵی (1957)دا بلاوکردەوە. سەرهەڵدانی ئەم ڕێزمانە و دەرکردنی ئەم کتێبەش لەلایەن چۆمسکییەوە لە ئەنجامی

ئەوەوە بوو، کە سەرەتا خۆی یەکێك بوو لەو زمانەوانانەی، کە سەر بەم قوتابخانەیە بوو، واتە نووسینەکانی بەپێی ئەم ڕێبازە بلاّودەکردەوە، ئەمەش بووە هۆی شارەزابوونی لە کەموکوڕییەکانی(حاتەم ولیا محەمەد، 2006: 7).

دروستە سینتاکسییەکانی چۆمسکی هێرشێکی گەورە بوو بۆ سەر پەیڕەوکەرانی ڕێبازی دروستەکارەکان، چونکە بە بۆچوونی چۆمسکی ڕێبازەکەی ئەوان ئەو توانایەی تیانەبوو، کە هەموو پەیوەندییە ناوەکییەکانی ناو ڕستە لێکبداتەوە و ئەو بۆچوونەی دروستکارەکانیشی ڕەتکردەوە، کە ڕێزمان وەك مەکینەیەك سەیربکرێت، کە دروستەی واتادار بەرهەمبهێنێت، بەڵکو ڕێزمانی وەك تیۆری زمان پەسنکرد، کە ڕوونکردنەوەی وردمان دەداتێ سەبارەت بە زمانەکان (تارا موحسین قادر، 2011: 4). ئەم ڕێزمانە لەوەش دەکۆڵێتەوە، کە لە ڕێی ژمارەیەك یاساوە دەتوانرێت ژمارەیەکی بێ سنوور لە ڕستە بەرهەمبهێنرێت، هەروەها ئەو توانایەیشی تیایە، پێشبینی ئەوە بکات، کە کام ڕستە ڕێزماندروستە و کام ڕستەش ڕێزماندروست نییە (بڕوانە: ا– محەمەدی مەحویی، 2001: 12–13)و(ب– نازەنین جەلال ئەحمەد، 2004: 34). لە تیۆریەکەی چۆمسکیدا ئەو یاسایانەی کە ڕستەی ڕێزمانی بەرهەمدەهێنن، ڕستەی ناڕێزمانی بەرهەمناهێنن، ئەم قوتابخانەیە پێیان وایە، کە هەر دیاردەیەکی ڕێزمانی دەبێت وەك ڕستە لەژێر ئاستی سینتاکسدا شیبکرێتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ڕستەیەك خاوەنی دروستەی قووڵە (deep structure) پەیوەندیی بە واتای بنجی ڕستەوە هەیە، ڕۆنانێکی نادیارە و لە مێشکی قسەکەردایە، یەکەم قۆناغی بەرهەمهێنانی واتای ڕستەیە و دروستەی ڕووکەشی ( surfaces structure )یش، کە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستە دەگرێتەوە و قۆناغی کۆتایی ڕۆنانی ڕستەیە و دەکەوێتە دوای جێبەجێکردنی یاسای گوێزانەوەوە، وشەی لێکدراویش بەهۆی پرۆسەی لێکدانەوە دروستدەبێت، یەکێکە لەو دیاردە ڕێزمانییانەی کە بە ڕوانینێکی سینتاکسی تەماشاکراوە و بە بۆچوونی ئەوان بنەمای هەر وشەیەکی لێکدراو فرێزە یان ڕستەیە (نازەنین جەلال ئەحمەد، 2018: 105). یان بەشێك لە وشە لێکدراوەکان لە ئاستی ژێرەوە هەر لێکدراون، هەروەها بەشێکی دیکەیان لە بنجدا فرێزن یان ڕستەن، کە بەهۆی (یاساکانی گوێزانەوە) وەکو (لابردن، زیادکردن، جێگۆڕکێ، کورتکردنەوە، ...تد) دەگرێتەوە، گۆڕانێکی بنەڕەتییان بەسەردا هاتووە و بوون بە وشەی لێکدراو.

ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە (1957) هەتا ئەمڕۆ چەندین گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەو گۆڕانانەش لە ئەنجامی پێداچوونەوەی بوو بەسەر تیۆرەکاندا بەپێی قۆناغەکان، چونکە لە هەر قۆناغێکدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە چوارچێوەی تیۆرێکی سەربەخۆدا خراوەتەڕوو، قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە ئەمانەی خوارەوەن:

1- دروستە سینتاکسییەکان (1957).

2- تیۆری ستاندارد (1965).

3- تیۆری ستانداردی فراوانکراو (ناوەڕاستی 1970کان).

4- تیۆری ستانداردی فراوانکراوی هەموارکراو (کۆتایی 1970کان).

5- تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە یان تیۆری ڕێساکان و پارامێتەرەکان (1980).

6- مینیماڵ پرۆگرام (1992).

لە ساڵی (1970)دا قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە زیاتر بایەخی بە ئاستی وشەسازی (مۆرفۆلۆجی)دا، بێ ئەوەی ئەم پێکهاتە لە پێکهاتەی ڕستەسازی دووربکەوێتەوە، چونکە بە ڕای زمانەوانان یاسا وشەسازییەکان لە بنەڕەتدا لەگەڵ یاسا ڕستەسازییەکان جیاوازنین و بەتایبەت ئەو یاسایانەی فرێزەکان دروستدەکەن هەر هەمان یاسان، کە وشەی پێ دروستدەکرێت.

ئامانجی سەرەکی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە تێگەیشتنە لە سروشتی زانیاریی زمان و چۆنیەتی بەدەستهێنانی لەلایەن منداڵەوە، پرسیاری سەرەکی ئەم تیۆرە لەبارەی دروستەی وشەوە ئەوەیە، کە پێویستە قسەکەر چ جۆرە زانیارییەکی لەسەر وشەکانی زمانەکەی هەبێت، تا لە قسەکردندا بەکاریانبهێنێت. هەوڵەکان بۆ وەلاّمدانەوەی ئەم پرسیارە بوونە هۆی سەرهەڵدانی زانستەکانی لێکسیکۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی (نەرمین عومەر ئەحمەد، 2010: 3–6). بە بۆچوونی چۆمسکی زانینی زمانێك بەسادەیی ئەوە نییە، توانات هەبێت، لیستێکی درێژ لە ڕستە بەکاربهێنیت، کە پێشتر بیستراون، بەڵکو زانینی زمانێك پێویستی بە هەبوونی توانستە بۆ داهێنان و تێگەیشتن لە ژمارەیەکی زۆر لە دەربڕاو لەو زمانەدا، کە ڕەنگە هەندێکیان پێشتر نەبیسترابن یان نەبووبن (Chomsky, 1965: 4).

مەبەست لە توانست توانا گشتییە زمانییەکەیە، تواناش بەکارهێنانی زمانی تایبەت بە هەر کەسێکە. یان توانست ئەو زانینە ئاوەزییە شاراوەیەی قسەکەری زمانی دایکە، کە لە پرۆسەی زمان وەرگرتنەکەیدا (زمانپژان و زمان فێربوون) بەبێ ئاگابوونی خۆی وەریگرتوون. توانا ئەو دەربڕاوانەن، کە قسەکەرانی زمانێك لەسەر بناغەی توانست بەرهەمیاندەهێنن (محەمەدی مەحویی، 2006: 13).

بەلای چۆمسکییەوە توانست ئامانجی سەرەکی لێکۆڵینەوەی زمانەوانییە نەك توانا، بۆیە توانستی مۆرفۆلۆژیی قسەپێکەرانی زمانێك لە سەلیقەی زمانییان لە بارەی دروستە مۆرفۆلۆژییەکان و دروست داڕشتنیاندا دەردەکەوێت، توانست یارمەتی قسەپێکەرانی زمان دەدات بۆ دروستداڕشتن و لێکدانی وشەکانی زمان.

### 3-1/1) پرۆسەی لێکدان و زانیاریی فەرهەنگی:


فەرهەنگ گەنجینەی کۆزانیاریی زمانی مرۆڤە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە زانیارییە فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و واتاییەکان لە فەرهەنگدا هەڵگیراون و ئاخێوەری زمان لە قسەکردندا ئەو زانیارییانە بۆ پەیوەندیکردن بەکاردەهێنێت. هەرسێ پێکهاتەی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس خاوەنی یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆیانن، کەرەستە سەرەتاییەکانیان لە فەرهەنگەوە وەردەگرێن، فۆنۆلۆژی بونیادی برگە و مۆرفۆلۆژی بونیادی وشە پێکدەهێنێت.

لەناو زمانەوانانداا پێناسەی جۆراوجۆر بۆ فەرهەنگ (lexicon) کراوە و زۆرجاریش تێکەڵییەك لە نێوان فەرهەنگی ئاوەزی و فەرهەنگی ئاساییدا کراوە ، لێرەدا مەبەستمان لە فەرهەنگی ئاوەزییە نەك فەرهەنگی ئاسایی. وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە، فەرهەنگ یان فەرهەنگی ئاوەزی، کە وشەنامەکەی ناو مێشکە، سەرچاوەی زانینە و زانیاری پێکهاتەکانی زمانی تێدا هەڵگیراوە (محەمەد مەجید سەعید، 2015: 6–7). یاخود فەرهەنگی ئاوەزی هەڵگری گشت کۆزانیارییەکانە بە هەموو چەشنەکانییەوە ، بەڵام ئەم هەڵگرتنە لە توێی وشەکاندا لە زماندا دەردەکەوێت و لە لۆژیك و کردە هزرییەکانیشدا لە ڕێگەی پرۆسەکانی بیرکردنەوە و هەڵگواستنەوە دەخرێنەڕوو، خودی ئەم دوو پێکهاتەیەش تەواو بەیەکەوە بەستراون (ئاڤێستا کەمال مەحموود، 2016: 28–29). فەرهەنگی ئاوەزی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بەپێی (تەمەن ، پیشە ، کۆزانیاری ، ئەزمون و جیاوازی ژیانی کەسەکان) دەگۆڕێت و جیاوازییەکانیان لە فەرهەنگەکەیاندا ڕەنگدەداتەوە، نەك تەنها لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ، بەڵکو لەگەڵ تەمەنی کەسەکە خۆیدا گۆڕانکاری بەسەردادێت و وەك خۆی نامێنێتەوە ، ئەگەر لە فەرهەنگی ئاوەزیی هەر تاکێك بروانین بەدرێژایی تەمەنی گۆڕانی بەسەردا هاتووە (شیلان ڕەحیم ابراهیم، 2019: 5–6).

ئاخێوەری زمانێك زانیارییەکانی پەیوەست بە ڕێزمانەکەیەوە لەلایە و لەبەکاربردنی زماندا بەئاگاییەوە بەرجەستەیدەکات، هەروەها ئەو زانیارییانە کەرەستەی خاون و لەناو فەرهەنگی ئاوەزیدا گەنجکراون، نواندنێکی ناوەکی (internal representation) و لە ڕێزمانیشدا نواندنێکی دەرەکی ( external representation) دەبێت. زانیارییەکانی ئاخێوەری زمان لە فەرهەنگدان و لە ڕێزماندا دەخرێنەڕوو، واتە زانیارییە هەڵگیراوەکەی ناو فەرهەنگ دەبنە بنەمای فۆڕمداڕشتن لە ڕێزماندا، لە ڕێزمانیشدا کەرەستەیەکی فەرهەنگیی فۆڕمی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی بەرهەمدەهێنێت (بڕوانە: ا– عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، 2020: 167). ب– شیلان عومەرحسەین، 2012: 106).

فەرهەنگ بە بەشێك لە یاسای پەیوەندیکردن دانراوە، چونکە یەکەی فەرهەنگی بونیادی پەیوەندیکردنی فۆڕمدروستی فۆنۆلۆژی و سینتاکسی و چەمکی لەخۆدەگرێت، واتە لەڕێگەی یەکە فەرهەنگییەکانەوە دروستەی فۆڕمدروست لە دروستەی فۆڕمنادروست جیادەکرێتەوە، چونکە یەکەی پێکهاتەی سیمانتیکی هەر زمانێك لە فەرهەنگی ئەو زمانە، لێکدانەوەی واتایی هەر ڕستەیەك لەسەر واتای مۆرفیم و وشە پێکهێنەرەکانی و پەیوەندییە واتاییەکانی نێوانیاندا دەوەستێتەوە، بۆیە دەبێت ئەو یەکە یان کەرەستە زمانییانەی کە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون، واتایان هەبێت، جا هەندێ جار کەرەستەکان واتادارن، وەك (بچوك، جوان، بردن، ...تد) ، یان هەڵگری واتان، وەك (/–ەکە/ ، /–ێك/ ، /–ەك/ ، /–ان/ ، ...تد). کەرەستە هەڵگیراوەکانی ناو فەرهەنگ (فۆنێم ، مۆرفیم ، فرێز ، ڕستە) لەخۆدەگرن، ئەگەرچی فۆنێمەکان خاوەن واتا نین، بەڵام دیسانەوە تۆماردەکرێن، چونکە تۆمارکردنیان پەیوەستە بە واتاوە، زۆربەی زمانەوانان هەمان ڕاوبۆچوونیان لە ناساندنی فۆنێمدا هەیە، بەوەی کە فۆنێم بچوکترین یەکەی بێ واتای زمانە، یاخود فۆنێم بچوکترین یەکەی پێکهاتووی فۆنۆلۆژییە، بەپێی سەرنج و بیروبۆچوونەکانی زمانەوانان‌دا دەگەین، بەوەی کە بڵێین فۆنێمەکان توانای گۆڕینی واتای وشەیان هەیە، بۆ نموونە گۆڕینی فۆنێمی (پ) لە وشەی (پیر) بە فۆنێمی (ش) دەبێتە (شیر)، کە واتایەکی جیاوازیان هەیە، بەهۆی گۆڕینی فۆنێمەکەوە بووە، هەر بۆیە بەکارهێنانی فۆنێمەکان لە سنوری مۆرفیم و وشەدا دەبنە یەکەیەکی واتادار، بەڵام بەتەنها هیچ واتایەکیان نییە.

سەرەڕای ئەو زانیارییانەی کە دەبێت لە فەرهەنگدا هەبن، لە هەمان کاتدا وا پێویست دەکات، فەرهەنگ هەندێك لە یاساکانی تێدا بێت، وەك یاساکانی وشەدروستکردن، یاساکانی وەچەپێکهاتە دروستەییەکان (شیلان عومەرحسەین، 2012: 111). لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە، فەرهەنگ هەموو دیاردەکانی زمان بەدەستەوە بدات و فۆڕمی بۆ هەموو چەمك و واتا و ناوەڕۆکەکان داڕشتبێت، بۆیە مۆرفۆلۆجی و سینتاکس ئەرکی تەواوکردنی فەرهەنگی زمانەکە دەگرنە ئەستۆ (بژۆین یەحیا محەمەد، 2016: 9–13). بڕوانە هێڵکاری (2):




هێڵکاریی ژمارە (2)

مۆرفۆلۆژی وەك لقێکی زانستی زمان لە دروستەی ناوەوەی وشەکان دەکۆڵێتەوەو پەسنیان دەکات. کەواتە مۆرفۆلۆژی ئەرکی ڕێکخستنی وشەکانو دروستکردنیانە. مۆرفۆلۆژی ئەرکی وشەدروستکردنە (هەڵگواستنو لەیەکدانە) لە فەرهەنگدا و شکاندنەوە و ڕیزبوونە لە سینتاکسدا. بۆ دروستکردنی وشەی نوێ دەبێت پێڕەوی یاسا مۆرفۆلۆجییەکانی زمان بکرێت.

وشە وەکو لێکسیم لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە و یەکەیەکی فەرهەنگییە، دەشێت وشەکە سادە بێت یان ناسادە، وشە ناسادەکان کە داڕێژراو و لێکدراو دەگرێتەوە، لە ڕێگەی پرۆسەی داڕشتن و لێکدانەوە دروستدەبن، وشەی داڕێژراو لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ و پێشگرێك یان پاشگرێك دروستدەبێت، وشەی لێکدراویش لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ پێکدێت. وشە سادەکانی ناو فەرهەنگ دەبنە بناغە و بنەمای دروستکردنی وشەی داڕێژراو و لێکدراو لە زماندا.

لەبارەی مۆرفیمەوە دیارە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بیری مۆرفیم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەموکورتیانەی لە پێناسەکانی وشەدا دەرکەوت، کە زۆرینەی پێناسەکان نەیانتوانی چەمکی تەواوی وشە لەخۆبگرن(شەهاب شێخ تەیب، 2012: 179). بۆیە لە کۆندا هەمیشە وشە وەك بچوکترین دانەی واتادار دانراوە. پێش سەرهەڵدانی بیرۆکەی مۆرفیم، بەلای زمانەوانە دێرینەکانەوە بچوکترین دانەی زمان وشە بووە، چونکە بەلای ئەوانەوە وشە بچوکترین دانەی واتاداری زمانە، کە ڕۆڵێکی گرنگی لە پۆلێنکردنی واقیع و دەوروبەردا هەیە، لەبەرئەوەی بە وشە ناو لە شتەکانی دەوروبەر دەنرێت. هەروەها بەپێی پێوانەی واتا پێناسەی وشەیان کردووە، کە ئەمەش تەنها وشە سادەکانی زمان دەگرێتەوە، وەکو (گوڵ، دار، چیا، ...) کە واتادارن، ئەمەش یەکێك بووە لەو کەموکورتیانەی کە هەیانبووە و بیریان لە وشە یان کەرەستەکانی دیکەی زمان نەکردۆتەوە، کە واتایان نییە و لە ئەمرۆدا بە وشەی ئەرکی/مۆرفیمی بەند ناودەبرێن، وەکو (مۆرفیمە ڕێزمانییەکان، ئامرازەکان، مۆرفیمە لێکسیکییەکان، ...تد). هەر بۆیە بیروڕاکان سەبارەت بە بچوکترین دانەی واتاداری زمان، کە بریتی بوو لە وشە کەلێنی تێکەوت و زمانەوانان لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بوون (مستەفا ڕەزا مستەفا، 2019: 7). دوای ئەوەی دەرکەوت، چ بە پێوانەی فۆنۆلۆجی یان سیمانتیکی، ناتوانرێت پێناسەیەکی وای وشە بکرێت، کە ئەو بۆچوونە بسەلمێنێت، کە وشە بچوکترین دانەی زمانە، زمانەوانەکان کەوتنە گەڕان بە دوای دانەیەکی تردا، کە لە توانایدا بێت، هەموو زمان شیبکاتەوە، یان ڕێزمان بگۆڕێتە سەری، ئەویش (مۆرفیمە) (محەمەد مەعروف فەتاح، 2010: 71).

ماوەی نێوان سالآنی (1920 ـ 1945) زمانەوانە بونیادگەرە ئەمریکاییەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون، کە چۆن فۆنەکان یەك دەگرن بۆ ڕۆنانی دانەی واتادار و چۆنیەتی جیاکردنەوەی واتای وشە لە یەکتری، لەمەوە تیۆری فۆنێم داهات. دوای چەسپاندنی ئەم تیۆرەش، بە تێپەڕبوونی کات زمانەوانەکان ئاڕاستەی کاریان بەرەو مۆرفۆلۆجی گۆڕی، بەم شێوەیەش ماوەی نێوان سالآنی (1940– 1960) لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆجی بووە خاڵی بنەڕەتی واتە بیری مۆرفیم لەم مێژووەوە سەریهەڵدا و گەشەیکرد. دۆزینەوەی مۆرفیم لەلایەن زانای ئەمریکی (بلۆمفیڵد) جوڵەیەکی نوێی خستە توێژینەوە وشەسازییەکان و بووە هۆی سەرهەڵدانی لقی تازەی مۆرفۆلۆجی و فەرامۆشکردنی لقەکانی ئیتمۆلۆژی و لیکسیکۆلۆژی.


واتە ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان ئەو ڕاستیەیان سەلماند، کە وشە کەرت دەکرێت بۆ پارچەی وردتر، پارچەی وەها کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت، کە ئەویش مۆرفیمە، بەمەش زاراوەی مۆرفیم بوو بە زاراوەیەکی جیهانی.

لەگەڵ ئەوەشدا دۆزینەوەی بیرۆکەی مۆرفیم نەبووە هۆی مردن و لەناوچوونی وشە، بەڵکو هەبوونی وشەی بەهێزتر کرد، واتە وشە وەك

دانەیەکی گرنگ و سەرەکی زمان ڕۆڵی خۆی لەدەست نەدا، لەبەرئەوی لە زماندا مۆرفێمی لێکدراو نییە و زیاد لە مۆرفێمێك لە فۆڕمەکاندا کۆدەبنەوە، کە زاراوەی وشە کۆیاندەکاتەوە، واتە ئەوە وشەکانن، مۆرفێمەکانیان هەلگرتووە و دەتوانین جارێکی تر وشەناسادەکان کەرتبکەین و بەسەر مۆرفێمدا دابەشیانبکەین (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، 1995: 73).

لەبارەی جۆرەکانی مۆرفێمەوە، (یول) بەگرنگیدان بە واتا مۆرفیم بۆ دوو جۆر بەشدەکات: سەربەخۆ (ئازاد)، بەند (ناسەربەخۆ). مۆرفیمە بەندەکانیشی بەپێی شوێنی هاتنیان لە وشەدا بەم شێوەیە دیاریکردووە: پێشگر (پریفێکس)، پاشگر(سۆفێکس)، دواتریش لە ڕوانگەی ئەرکەوە، گیرەکەکانی کردووە بە دوو بەشەوە: وشەدارێژەکان، سینتاکسییەکان.

هەر لەم ڕووەوە (فرۆمکین) پۆلکردنی مۆرفێمەکانی لە زمانی ئینگلیزی لەم هێڵکارییەدا دەرخستووە (Fromkin ,Rodman, 2003: 104).:




هێڵکاریی ژمارە (3)

کەواتە بە سەرنجدان و تێڕوانین لە بۆچوونی ئەو زمانەوانانە دەردەکەوێت، لەبارەی پۆلکردنی جۆرەکانی مۆرفێمەوە، بەگشتی واتاو شوێن و ئەرکی مۆرفێمەکان دەکرێنە پێوەرو لەسەر ئەو بنەمایانە، پۆلکردنەکان ئەنجامدەدرێن. لەڕووی بەکارهێنانەوە، بەپشتبەستن بە بنەمای واتایی دوو چەشن مۆرفیم دیاریدەکرێن:


1. سەربەخۆ: ڕاستەوخۆ بێ ئەوەی پێویستیان بە دانەی تر هەبێت، واتا دەبەخشن.

2. بەند: لە بەکارهێناندا سەربەست نین، بەڵکو بەیارمەتی وشەکانی تری زمانەکە، واتاکانیان بەرجەستەدەبێت.

کەواتە مۆرفیمی سەربەخۆ ڕەگەزی بنچینەیی وشە دەگرێتەوە، بەڵام مۆرفیمە بەندە جۆربەجۆرەکان دەتوانن بۆ پێکهێنانی وشەی تر بە مۆرفێمە سەربەخۆکانەوە بلکێنرێن.(Falk, 1978: 29)


پاش بڵاوبوونەوەی بیری مۆرفێم چەندین پۆلێنکردنی جیاجیا لەبارەی جۆرەکانی مۆرفێمەوە خراونەتەڕوو لە زمانەکاندا، تێڕوانین و بۆچوونی جیاواز هەبووە لەو بارەیەوە، بۆیە پێویستە بڵێین لە دابەشکردن و دیاریکردنی جۆرەکانی مۆرفێمدا دەبێت ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانی ئەو زمانە بکرێت، کە پۆلێنەکەی بۆ دەکرێت. بەپێی ڕاوبۆچوونی زمانەوانانی کورد لە بارەی جۆرەکانی مۆرفێمەوە بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی، چەند پۆلێنکردنێك کە بۆ بیری مۆرفێم و جۆرەکانی لەبەر ڕۆشنایی زمانەکانی تردا کراوە، دەخەینەڕوو:

لە کتێبی (چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی) بەم شێوەیە باس لە جۆرەکانی مۆرفێم لە زماندا بەگشتی و بەتایبەتی لە زمانی کوردیدا کراوە (محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر، 2006: 29):





هێڵکاریی ژمارە (4)

هەروەها لە کتێبی (وشەسازی زمانی کوردی) بابەتێك بەناونیشانی (دابەشکردنێکی بابەتیانەی مۆرفێمەکانی زمانی کوردی)دا، کە تیایدا بەپێی سروشتی زمانەکە ئەم دابەشکردنەی خوارەوەی بۆ مۆرفێمەکانی زمانی کوردی کردووە، بەو پێیەی مۆرفێم دەبێت خاوەن ئەرك و واتا بێت(عبدولواحید موشیر دزەیی، 2012: 57):




هێڵکاریی ژمارە (5)

لە کتێبی (توانای مۆرفێمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسدا )، بەسوودوەرگرتن لە پۆلێنەکەی (چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی) بەم شێوە باس لە جۆرەکانی مۆرفێم لە زمانی کوردیدا کراوە(شێروان حسێن خۆشناو، 2016: 72):




هێڵکاریی ژمارە (6)

لێرەدا بەکورتی باس لە هەندێ بابەت پەیوەست بەم دابەشکردنانەوە دەکەین، تا بتوانین پۆلێنکردنی گشتگیر بۆ جۆرەکانی مۆرفیم بەپێی سروشتی زمانی کوردی دابنێین:

1- بناغە (Base):

بناغە/بنکە ئەو مۆرفیمەیە کە دوای لابردنی مۆرفیمەکانی (مۆرفیمی وشەداڕێژ و مۆرفیمی ڕێزمانی بەتەنها دەمێنێتەوە و بۆ یەکەی بچوکتر دابەشناکرێت (بازيان يونس محى الدين، 2008: 35). یاخود وشەیەکی سەربەخۆیە و خاوەن واتایە وەکو مۆرفیمێکی فەرهەنگی، وەك (کوڕ، بەرد، دار، ...)، ئەکرێت وشەیەکی سەربەخۆش نەبێت و ڕەگ بێت، وەکو (کوش، فروش، نویس، ...)، کە لە وشەکانی (کوشتار، فروشیار، نویسەر) ڕەگن و بەیاریدەی گیرەکە وشەدروستکەرەکان وشەی نوێیان دروستکردووە، یان بەیاریدەی گیرە وشەگۆڕەکان قەدیان پێکهێناوە، وەك (کوشت، فروشت، نویسا).

2- ڕەگ ( Root):

ڕەگ کرۆکی وشەیە و هەڵگری واتای وشەیە، ناتوانرێت کەرتبکرێت و بچوکبکرێتەوە، چونکە بە کەرتکردنی واتاکەی تێکدەچێت، یان ئەو بەشەی وشەیە کە دوای لابردنی هەموو ئەفێکسەکان (پێشگر و پاشگر) ئەمێنێتەوە (قەیس کەمال ئەحمەد، 2015: 7). وەکو (ترس ـ ترسا ، سەن ـ سەند ، خەف ـ خەفت).

3- قەد ( Stem):

ئەو مۆرفیمەیە ، کە توانای وەرگرتنی یان پێوەلکاندنی گیرەکی وشەداڕێژ و گیرەکی ڕێزمانی هەیە، وەکو ( دوێت ـ دوێتانە/ دوێتەگە، شورد ـ شوردن، ...).

4- پێشگر ( Prefix):

پێشگرەکان دەلکێنرێن بە سەرەتای یاخود پێشەوەی وشە (ڕەگ)وە بۆ دروستکردنی واتای فەرهەنگی و ڕێزمانی نوێ، وەك (ئەڵگرم ، ناخوەم ، نافروشم ، ڕاکەم ، ...).

5- پاشگر ( Suffix):

ئەفێکسێکە بە کۆتایی ڕەگ و بناغەوە دەلکێنرێت ، واتە گیرەکەکان هەمیشە لە دواوەی ڕەگ و بناغەدا جێگیردەبن، وەك (کوڕانە ، قاپییەگە ، کوشیا ، خوریا ، نویسەر ، ...).

6- پێشگر و پاشگر (جوتەگر: Confix):

مەبەست لە جوتەگر هەردوو گیرەکی پێشگر و پاشگر دەگرێتەوە، کە بە سەرەتا و کۆتایی وشەوە دەلکێنرێن، واتە لەیەك کاتدا وشەکە پێشگر و پاشگری وەرگرتووە، وەك (ڕاخستەو ، ناخوەشی ، نامەردی ، ...).

7- ناوەندگر ( Interfix):

ناوەندگر مۆرفیمێکی بەندی وشەدروستکەرە، کە بەشداری لە پێکهاتەی وشەی لێکدراودا دەکات، واتە لە ئەنجامی لێکدانی مۆرفیمە سەربەخۆکان لە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکاندا بەشێکیان بەهۆی ناوەندگرەوە لێکدەدرێن، بەشێکی دیکەیان بەبێ ناوەندگر لێکدەدرێن (ئومێد بەرزان برزۆ و شادان حمەئەمین محمد، 2017: 416). وەك (گوڵەنێرگز ، بەردەڕەش ، پارەوپول ، ژنوەژن ، ماڵەماڵ ، وەرانوەر ، خوانەناس ، ...).

8- نوسەك ( Clitic):

ئەو مۆرفیمە بەندەیە، کە بە (قەد و ڕەگ) و فرێز یان هەر کەرەستەیەکی ناو ڕستەوە دەلکێت. لە زمانی کوردیدا جێناوە لکاوەکان بە پۆلی نوسەك ناودەبرێن، ڕۆڵی بکەر و بەرکار و خاوەنێتی و دیارخەری، کەسی قسەکەر و گوێگر و باسکراو تاك و کۆ دەبینن (ئەبوبەکر عومەر قادر، 2003: 23). هەروەها ئەم نوسەکانە وەك مۆرفیمی بەند بەشداری لە دروستەی فرێزی کرداریدا دەکەن، بێگومان فرێزی کرداری کەرەستەیەکی بەخورتییە لە ڕستەدا و ناتوانرێت لابرێت، سادەترین دروستەی فرێزی کرداری لە (ڕەگ + مۆرفیمی کات + مۆرفیمی کەس و ژمارە/ جێناوێکی لکاو) پێکدێت،

بۆ نموونە : ( منالّەگەم خەفت ، کتاوەگەیان هاوردم ، من خوەنم ، هەڕاکەم ، ... تد).

9– جۆرەکانی مۆرفیم:

1- مۆرفێمی سەربەخۆ ( Free Morpheme):

ئەو مۆرفێمەیە کە وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ خاوەن واتایە و لە زماندا بەکاردەهێرێت. یاخود ئەو مۆرفێمانەن دەتوانرێت بەتەنها و بە شێوەی سەربەخۆ بەکاربهێنرێت و واتایەکی سەربەخۆیان هەیە و لە فەرهەنگدا بوونیان هەیە، هەروەها هەموو مۆرفێمێکی سەربەخۆ وشەیە، بەلاّم هەموو وشەیەك مەرج نییە، مۆرفێمێکی سەربەخۆ بێت، چونکە هەندێ وشە لە مۆرفێمێك زیاتر پێکدێت (سیروان سمین ئەحمەد، 2015: 41). وەك (جوان، کوڕ، گوڵ، ...)، ئەمانە یەك وشە و یەك مۆرفێمن، بەلاّم لەم نموونانەدا (ژندار، نووسەر، دوێنەیل، ...) کە وشەی داڕێژراون، بەلاّم هەریەکەیان لە دوو مۆرفێم پێکهاتووە.

2- مۆرفێمی بەند ( Bound Morpheme):

ئەو مۆرفێمەیە کە ناتوانرێت بەتەنها بەکاربهێنرێت، چونکە واتای نییە، بەڵکو کاتێك واتادار دەبێت، کە بە مۆرفێمێکی سەربەخۆوە دەلکێت، واتە بەیاریدەی یەکەیەکی واتاداری سەربەخۆ واتەکەی تەواودەبێت، یان ئەو مۆرفێمانەن کە لە زماندا ئەرکێکی ڕێزمانی یاخود ئەرکێکی لێکسیکی ڕادەپەڕێنن (مستەفا ڕەزا مستەفا، 2019: 8). وەکو (قەورسان/ قەبرسان ، دوێتەگە/ کچەکە). لەگەڵ ئەوەشدا مۆرفێمی بەند دوو جۆرە:


1- مۆرفێمی وشەدروستکەر ( Derivational Morpheme)

ئەو پێشگر و پاشگرە وشەدروستکەرانە دەگرێتەوە، کە بەشداری لە دروستکردنی وشەی نوێ لە زمانی کوردیدا دەبینن، مۆرفێمی وشەدروستکردن گۆڕانی واتای فەرهەنگی یان پۆلێنی فەرهەنگی وشەیەك دەگرێتەوە (Mark Aronoff, 2011: 48). وەك (نامەرد، ژنانە، چاپچی، ...) .

2- مۆرفێمی وشەگۆڕ/ڕێزمانی (Functional Morpheme):

ئەو مۆرفێمەیە دەچێتە سەر وشە حاڵەتی ڕێزمانی پێکدەهێنێت، وەکو مۆرفێمەکانی (ناسیاوی، نەناسیاوی، کۆ، کات، ...)، یاخود ئەو مۆرفێمانە دەگرێتەوە، کە گوزارشت لە کۆمەڵە چەمك و واتایەکی سینتاکسی دەکەن لە زماندا (ڕۆکان عەبدولڵا محەمەد، 2015: 93). واتە ڕۆڵی سینتاکسی دەبینن، وەك (منالّەگان، خانییەگە، خەفم، کەفم، ...).

پاش خستنەرووی چەند پۆلێنکردنێك بۆ جۆرەکانی مۆرفیم لە ڕێگەی هێڵکارییەوە و باسکردن لە جۆرەکانی مۆرفیم لەلایەن زمانەوانانی کورد و بیانییەوە، هەوڵماندا بەپێی سروشتی زمانی کوردی ئەم دابەشکردنە نوێیە بۆ جۆرەکانی مۆرفیم لە زمانەکەماندا بکەین(بۆ پۆلێنکردنی جۆرەکانی مۆرفیم سودمان لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە: ئومێد بەرزان برزۆ و شادان حەمەئەمین محمد، 2017: 426). بەم شێوەیە:




هێڵکاریی ژمارە (7)

**2/1) دروستەی وشە و وشەدروستكردن:**

**2/1–1) دروستەی وشە و جۆرەكانی:**

وشە یان لێكسیك گرنگترین كەرەستەی زمانە، بەشێوەیەك هەوڵی پاراستن و دەوڵەمەندكردنی دەدرێت، تا زمانەكە پێشبكەوێت، چونكە بە یەكەیەكی گرنگی واتادار دادەنرێت. دەتوانرێت بوترێت وشە وەكو زیندەوەر وایە، لەدایك دەبێ و دەمرێ، پێویستی ژیان و بیری مرۆڤ وادەكات، وشە لەدایك ببێ، نەمانی پێویستییەكەش وادەكات، وشەكەی بەكارنەیەت و وردەوردە لەبیربچێتەوە (مستەفا زەنگەنە، 2003: 248). وشە لە ڕووی لۆجیك و فۆرمەوە كەرەستەی زمانە و لە چەند دەنگێ دروستدەكرێ (نوری عەلی ئەمین، 1960: 22). هەڵبەتە مەرج نییە، وشە لە دەنگێ یان زیاتر دروستبێت، چونكە مرۆڤ دەتوانێت بە خوێندنەوە و نوسین هەزاران وشە بخاتە ناو مێشكی و لێی دەربهێنێت، بێ ئەوەی دەنگی لێوە بێت، ئەمە ئەوە دەردەخات، كە مەرج نییە، وشە بریتی بێت لە دەنگ.

زمانەوانی ئەمریكی (نیدا) پێی وایە، دەستپێكردنی قسەكردن لە ئاستی مۆرفێم و خوارتریش و سەرووی وشە هەتا دەگاتە گوتەی دەربڕاو، هەموو ئەمانە دەكرێ لە دوو لایەنەوە قسەیان لەسەر بكرێت: وەك یەكەیەكی لێكسیكی (Lexical Unit) یان وەك یەكەیەكی واتایی (Semantic Unit)(عوسمان كەریم عبدولڕەحیم، 2014: 16).

زمانەوان (ستیڤن ئۆڵمان) بەم شێوەیە پێناسەی وشەی كردووە، ئەڵێت: وشە بچوكترین یەكەی واتادارە لە قسەكردن و لە زماندا. لە ئێستادا ئەوە سەلمێنراوە، كە مۆرفێم بچوكترین دانەی واتادارە لە زماندا نەك وشە، هەروەها (پالمەر)یش لە بارەی وشەوە ئەڵێت: وشە بچوكترین یەكەی قسەكردنە، توانای دەربڕینی تەواوی هەبێت (ڕەفیق شوانی، 2011: 28).

بەپێی بۆچوونی زمانناسانی هاوچەرخ وشە ئەو دانە ڕێزمانییەیە ، كە لە مۆرفێمێ یان چەند مۆرفێمێك پێكدێت. ئەو مۆرفێمانەش بەشێكیان مۆرفێمی وشەدروستكەرن و بەشێكی تریان مۆرفێمی ڕێزمانین، مۆرفێمە ڕێزمانییەكان سروشتی پەیوەندیی نێوان وشە لەناو چوارچێوەی فرێزو ڕستەدا دەردەبڕن.

بە شێوەیەكی گشتی وشە دوو جۆرە، بەكورتی ئاماژەیان پێدەكەین:

یەكەم/ وشەی سادە:

ئەو وشەیەیە كە لە مۆرفێمێكی سەربەخۆ پێكهاتووە، واتایەكی تەواو دەبەخشێت، بە جێگۆڕكێی فۆنێمەكانی واتاكەی تێكدەچێت، وەكو (دار، بەرد، جوان، گوڵ، ...تد).

دووەم/ وشەی نادسادە:

ئەو وشەیەیە كە بەسەر مۆرفێمدا دابەشدەبێت، ئەمیش دوو جۆرە:

ا– وشەی داڕێژراو.

ب– وشەی لێكدراو.

ا– <u>وشەی داڕێژراو:</u>

ئەو جۆرە وشانەن كە لە مۆرفێمێكی سەربەخۆ و مۆرفێمێكی داڕشتن پێكدێت، واتا مۆرفێمێك و زیادەیەك، دەشێت ئەو مۆرفێمە بەندە (پێشگر) یان (پاشگر) یان (پێشگر و پاشگر) پێكەوە وشەیەكی داڕێژراو پێكبهێنن، وەك ( بی هوش، ئەڵگرد، شەرمن، نەخوەشی، ...تد).

ب– <u>وشەی لێكدراو:</u>

ئەو وشانەن كە لە دوو مۆرفێمی سەربەخۆ و مۆرفێمی ناوەندگر پێكدێت، هەروەها بێ مۆرفێمی ناوەندگریش پێكدێت، وەك :

بەبێ مۆرفێمی ناوەندگر:

گوڵ + ئاو = گوڵاو


شا + هەنگ = شاهەنگ

بەهۆی مۆرفێمی ناوەندگرەوە:

لەرز + و + تەو = لەرزوتەو (لەرزوتا)

گوڵ + ە + هیرو = گوڵەهیرو (گوڵەهێرۆ)

ئەوەی خرایەڕوو، كورتەیەك بوو لەبارەی وشەوە، لەم هێڵكارییەی خوارەوەدا جۆرەكانی وشە پیشاندەدەین:





هێڵكاریی ژمارە (8)

2-2/1) وشەدروستکردن و وشەلێکدان ( Word formation and Word compounding):

وشەلێکدان یەکێکە لە ڕێگا گرنگەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی و فراوانبوونی وشەکانی زمانەکەمان لەسەر بنەمای ئەو وشانەی کە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بوونیان هەیە و بەمەبەستی لەدایکبوونی وشەی نوێ بۆ دیاردە و ڕووداو و شتە نوێیەکان، کە دێنە ناو زمانی کوردییەوە، بەو واتایەش وشەلێکدان پرۆسەیەکە/کردەیەکە وشەی لێکدراو ئەنجامی/ دەرکردەی ئەو پرۆسەیەیە و ڕێگایەکی گرنگ و بەبەرهەمی وشەدروستکردنە (بڕوانە: ا- محەمەد عومەر عەول، 2001: 18). ب- بێستون حەسەن ئەحمەد، 2011: 21). یاخود وشەلێکدان بریتییە لە خستنەتەکیەکی دوو بناغە، یان زیاتر بەیارمەتی مۆرفیمێکی بەستنەوە، یان بەبێ یارمەتی ئەو مۆرفیمە ئەنجامی کردەی وشەلێکدانیش وشەی لێکدراوە (هەژار حسەین والی، 2015: 34). واتە لێکدان پێکەوەبەستنی/ خستنەتەکیەکی دوو وشەیە بۆ پێکهێنانی وشەیەکی نوێ، بەمەش دەبێتە پێواژۆیەکی بەبەرهەم لە زماندا(Mccaros , E.N (1958: 83 لە (ئارام ڕەشید مەجید، 2016: 59) وەرگیراوە). لە وشەی لێکدراودا ئەو مۆرفیمانەی وشە لێکدراوەکەیان پێکهێناوە لە ڕووی دروستەوە جیاوازییان هەیە، یەکێکیان (سەری ڕێزمانی)یە/head/ و ئەوی دیکەیان (تەواوکەر)ە /body/، سەری ڕێزمانی لە ڕووی واتاوە هەمیشە تەواوکەر دیاریدەکات، لە کاتێکدا تەواوکەر لە ڕووی ڕێزمانییەوە وشە لێکدراوەکە دیاریدەکات، سەری ڕێزمانی حوکمی تەواوکەر دەکات.

پێکەوەبەستنی دوو مۆرفیمی سەربەخۆ یان مۆرفیمێکی ڕەگ بەبێ ئامراز و بەیاریدەی ئامراز دەگرێتەوە، کە بەهۆیەوە وشەیەکی نوێ سازدەکرێت. لێکدانی وشەکان و دروستکردنی وشەی نوێ لە ڕووی ڕووخسار و واتاوە کردەیەکی گشتییە و دەتوانین بڵێین لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا ڕوودەدات، بەتایبەتی لە زمانەکانی سەر بە خێزانی هیندۆ ئەورووپی (نازەنین جەلال ئەحمەد، 2004: 98). زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی لە ڕووی لێکدانەوە دەوڵەمەندە و لە هەموو پۆلە ڕەگەزەکانی ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکرداردا ئەم پرۆسەیە جێبەجێدەکرێت (نەرمین عومەر ئەحمەد، 2010: 54). پرۆسەی لێکدان لەم هێڵکارییەدا دەخەینەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (9)

وشە لێکدراوەکان، کە لە ڕێگەی لێکدانەوە دروستدەبن، هەندێکیان بەیارمەتی مۆرفێمی لێکدەر (کونجێکشن) و ئەوانی تر بەبێ ئامرازی لێکدەر ئەنجامدەدرێت (عوسمان کەریم عبدولڕەحیم، 2014: 23). بە لێکدانی ئەو وشانەی کە هەن، وشەی نوێمان بۆ دروستدەبێت، دەشێت ماناکەی وەك بەشەکانی نەبێت، یان جیاواز بێت. بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە ژمارەیەکی زۆر لە وشە و دەربڕینەکانی زمانی کوردی سادە و لێکدراون.

هەر زمانێك ڕێسای تایبەتی لێکدان و ڕۆنانی وشەی هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەی وشەلێکدان پرۆسەیەکی بەرچاو و گشتییە لە هەموو زمانەکاندا (شێروان حسێن حمد، 2014: 18). ئەوەی پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە بێت، دروستکردنی کرداری لێکدراوە لە شێوەزاری خانەقیدا لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە ئەنجامدەدرێت، زۆربەی ئەو وشە و دەربڕینانەی لەم شێوەزارەدا بەکاردێن، لە ڕێی پرۆسەی لێکدانەوە دروستدەبن. کرداری لێکدراو لە دوو کەرت پێکدێت، کەرتێکیان سەرەیە و کەرتەکەی تریان بریتییە لە یەکەیەکی زمانی وەکو (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ...تد) کە تەواوکەرن. ئامانج لە لێکدان و دروستکردنی کرداری لێکدراو گەیاندنی واتای نوێیە بۆ ئەو بار و ڕووداوانەی کە ناتوانرێت بە وشەی سادە گوزارشتیان لێبکرێت. لە بەشەکانی تری لێکۆڵینەوەکەماندا بە فراوانی لە دروستبوونی کرداری لێکدراو دەدوێین. لە خوارەوە چەند نموونەیەك لەبارەی کرداری لێکدراوەوە دەخەینەڕوو:

<u>ناو + کردار = کرداری لێکدراو</u>

گوش + گرد = گوشگرد (گوێگرت)

قەسەم + خوارد = قەسەمخوارد (سوێندخوارد)

<u>ئاوەڵناو + کردار = کرداری لێکدراو</u>

گەرم + بود = گەرمبود (گەرمبوو)

سەرد + کردیە = سەردکردیە (ساردی کردوە)


3-2/1) **مۆدێلی وشەدروستکردن** ( word – formation model):

ئەم زانستە خۆی بە شیکردنەوە و دروستکردنی وشە نادەکانەوە لە زماندا خەریکدەکات. بۆیە ئەو وشانەی لە زماندا دروستدەکرێن، ئاشکرایە یاساکانی وشەسازی بناغەی پێکهاتن و دروستبوونیانن، پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی ئەرکی ڕێکخستنی وشەکان و دروستکردنیانە، واتە ئەم زانستە لە دروستەی ناوەوەی وشەکان دەکۆڵێتەوە و پەسنیاندەکات (بڕوانە: ا- تابان محەمەد سەعید، 2008: 43). ب- عەبدولواحید موشیر دزەیی، 2014: 61). بۆیە وشەدروستکردن ئەو زانستەیە کە لە چۆنیەتی دروستکردن و پێکهاتنی وشەکانی ئەمڕۆی زمان دەکۆڵێتەوە (محەمەدی مەحویی،

2009: 238). بەو پێیەش وشە لە زماندا هەر بە سادەیی نامێنێتەوە، بەڵکو وشە سادەکە لە ڕێگای چەند پرۆسەیەکەوە لە ڕووی فۆڕمەوە گۆڕانی بەسەردا دێت، بەم پێیەش کاریگەریی لەسەر واتاکەی دەبێت.

هەندێ لە یاساکانی وشەدروستکردن لە زمانی کوردیدا هەموو کەسێك لە سەرەتای فێربوونی زمانەوە دەتوانێت لەسەر بنەمای دەستور و یاساکانی زمان وشە دروستبکات، هەندێ جاریش یاساکان/ڕێگاکان جیهانین و تازە لە زمانی کوردیدا بەکاردێن، ئەمەش پێویستی بەشارەزایی هەیە لە پێکهاتن و دروستبوونی ئەو وشەیەدا، ئەمەش بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان و گەنجینەی وشەیە، لەبەرئەوەی ژیان بەردەوام لە گۆڕان و پێشکەوتندایە، بۆیە زمان پێویستی بە وشەی نوێ دەبێت و وشە و زاراوەی نوێ دروستدەبێت (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، 1975: 26). سەرەتا لەلایەن (هالی)ەوە یاساکانی دروستکردنی وشە ( Word Formation Rules) ناسێنرا (Sergio Scalise, 1986: 25). بەپێی بۆچوونی (ئارۆنۆۆف) لەسەر دروستکردنی وشەی نوێ لە زماندا، ئەو وشانەی کە لەلایەن قسەکەرانی ڕەسەنی زمانەوە بەکاردەهێنرێن، وشەی نوێی لێ دروستدەکرێت، ئەویش لە ڕێگەی هەردوو پرۆسەی (داڕشتن ، لێکدان)ەوە، هەروەها پرۆسەی لێکدان بە بەرهەمترین پرۆسەی دروستبوونی وشەی نوێیە بە بەراورد بە پرۆسەی داڕشتن (S. Rajendran, 2001: 11).

بۆ دروستکردنی وشەی نوێ لە زمانەکەماندا دەبێت پەیڕەوی یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی بکەین. لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا یاسای دروستبوونی وشە لە زمانەکەماندا دەخەینەڕوو(ئەم هێڵکارییە بە دەستکارییەوە لە: نەرمین عومەر ئەحمەد، 2010: 33) وەرگیراوە):




هێڵکاریی ژمارە (10)

لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیدا پرۆسەکانی دروستکردنی وشەی نوێ هەن، کە پرۆسەکانی لێکدان بۆ (وشەی لێکدراو) و پرۆسەکانی لکاندن (لاگرەکانی هەڵگواستن)ن، هەر بۆیە مۆرفۆلۆژیی ئەرکی وشەدروستکردنە لە فەرهەنگدا /پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان و شکانەوە ڕیزبوونە لە سینتاکسدا (هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان، 2015: 26). هەرچەندە ڕێگاکانی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمان بە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان جۆراوجۆرن، بەکورتی باس لە هەندێکیان دەکەین، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ بێت، پرۆسەی وشەدروستکردن و زیاتر پرۆسەی وشەلێکدانە، ئەویش بەو ڕێگایانەی لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا و زمانە ئارییەکان و ئێستای زمانی کوردیدا زیاتر ڕێگای سەرەکی و بەبەرهەمن.

4-2/1) **پرۆسەکانی وشەدروستکردن** ( word – formation Process)::

لە (1/1 ) ئاماژەی پێدرا، کە لە ڕێگەی زۆر پرۆسەوە وشەکانی زمان دروستدەبن، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ بێت و بمانەوێت لە لێکۆڵینەوەکەماندا جەختی لەسەر بکەین، پرۆسەی وشەلێکدانە، بەڵام بەکورتی باس لە ڕێگاو پرۆسەکانی تر دەکەین، کە هەموویان دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، ئەمانەن:

1-4-2/1) **وشەلێکدان** ( Compounding Word):

شایەنی باسە پرۆسەی لێکدان لەگەڵ وشەلێکدان دو پرۆسەی جیاوازن، ئەوەی بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان دەکات، پرۆسەی وشەلێکدانە، کە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆجی ناو فەرهەنگە. لەم پرۆسەیەدا ناوەندگرە وشەدروستکەرەکان بەشداری لە دروستکردنی وشەی نوێ و بەتایبەت وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا دەکەن، مەبەست لە ناوەندگر ئەو مۆرفێمە یاریدەدەرانەن کە مانای خودییان نییە، بەڵام لە لێکدانی وشەدا هاریکارییدەکەن، فەرهەنگی زمانی کوردی و زۆربەی زمانەکان لە پرۆسەی وشەدروستکردندا لە ڕێگەی پێشگر و پاشگر یان هەردووکیان وشەی داڕێژراو (وشەداڕشتن) دروستدەبن، یان بەهۆی ناوەندگر یان بەبێ ناوەندگر وشەی لێکدراو (وشەلێکدان) دروستدەبن (بڕوانە: ئومێد بەرزان برزو و شادان حمەئەمین محمد، 2017: 414). یاخود ئەم پێواژۆیە کار لەسەر وشەی نوێ دەکات لەسەر وشە بەردەستەکان، ئەمەش بۆ دەوڵەمەندکردن و نوێکرنەوەی وشە فەرهەنگییەکانە، لێکدان پرۆسەیەکی بەرهەمدارە لە زمانە جیهانییەکاندا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە فەرهەنگییەی، کە ڕەنگە لە زماندا لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیاوە دروستبوون، بۆیە ئەو وشانەی کە لە بەردەستدان، ئەو کەلێنە پڕناکەنەوە، هەر بۆیە زمانەکان چارەسەریان بۆ ئەم دیاردەیە دۆزیوەتەوە، ئەویش پەنابردنەبەر پرۆسەی لێکدانی وشەکانی زمانن (S. Rajendran, 2001: 52). پرۆسەی وشەلێکدان یەکێکە لە ڕێگا گرنگەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی و فراوانبوونی وشەکانی زمانەکەمان لەسەر بنەمای ئەو وشانەی کە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بوونیان هەیە و بەمەبەستی لەدایکبوونی وشەی نوێ بۆ

دیاردە و ڕووداو و شتە نوێیەکان دێنە ناو زمانەکەمانەوە (هێژا کەمال محەمەد، 2016: 72). بۆ نموونە:

برا + ژن = براژن

پیر + ە + ژن = پیرەژن

ماست + ئاو = ماستاو

2/1–4–2) وشەدارِشتن (Derivation Word ):

یەکێکە لە پڕ بەرهەمترین ڕێگەکانی دروستکردنی وشەی نوێ لە زماندا، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە، کە مۆرفێمە بەندەکان توانا و برِشتێکی زۆریان هەیە لەم بوارەدا. لە دارِشتندا گیرەکەکان بەپێی سروشتی خۆیان, وشەکان هەڵدەبژێرن و وشە و چەمکی نوێ دروستدەکەن، بەمەش پێکهاتەیەکی واتای نوێ دێتە ناو فەرهەنگەوە. مۆرفێمە بەندەکانیش بە سەر دوو جۆردا دابەشدەبن، ئەویش مۆرفێمە وشەدارێژەکان و مۆرفێمە وشەگۆڕەکانن، مۆرفێمە بەندە وشەگۆڕەکان بۆ گەیاندن و بەخشینی چەمك و واتای ڕێزمانی وشەکان هاوبەشی لە ڕۆنانی پێکهاتەی فرێز و ڕستەدا دەکەن، بەلاّم وشەدارێژەکان لە فەرهەنگدان و کار بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ دەکەن، ئەویش بە دارِشتنی وشەی نوێ بەرانبەر بە چەمك و دیاردەی نوێ (هیوا مەولود عەبدوڵلاّ، 2016: 114). بۆ نموونە :

/زان/ ⟵ زانا

/خوەش/ ⟵ نەخوەش

/هوش/ ⟵ بی هوش

2/1–4–3) وەرگرتن ( Borrowing ):

بریتییە لە وەرگرتنی وشە لە زمانێکی ترەوە، وشە خواستراوەکان پێیان دەوترێت (وشەی وەرگیراو ـ Loanword). ئەو وشانەی کە لە زمانێکی ترەوە وەردەگیرێت بەهۆی پێویستی و بەکارهێنانی لە زمانەکەی تردا و لەلایەن قسەپێکەرانیەوە وەکو وشەیەکی ڕەسەنی زمانەکە بەکاردەهێنرێت، چونکە ئەو وشانەی وەرگیراون، دەخرێنە بەر یاسا و ڕێسای زمانەکەوە. فەرهەنگی زمانی کوردی لەم ڕووەوە وشەی زۆری تێدا دەبینرێت، کە زمانەکەمانی دەوڵەمەندکردووە، ئەمە لە کاتێکدا سوودی بۆ زمانەکەمان هەیە، کە وشەمان بەرامبەر بە شتەکە یان دیاردەکە نەبێت، ئەگەر هەبوو، ئەوا زیان بە زمانەکەمان دەگەیەنێت و بەرەو سستبوون و لەناوبردنی دەبات، وشەی عەرەبی و فارسی زۆر دەبینرێت لە نێو زمانەکەماندا، ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە لە ئەمڕۆدا وشەی ئینگلیزی زۆر دەبینرێت و بەکاردەهێنرێت لە زمانی کوردیدا، کە هیچ پێویست بەو وشانە ناکات، چونکە وشەی کوردی هەیە لە بەرانبەر ئەو وشە بیانیانە، بۆ نموونە:

میلۆدی – ئاواز

سایکۆ – دەروون

میمۆری – یادگە

غورفە – ژوور

شارع – شەقام

قەڵەم – پێنوس

2/1–4–4) تێکەڵکردن (Blending):

بریتییە لە تێکەڵکردنی دوو وشە، یان دوو مۆرفێمی فەرهەنگی، وشە بەم ڕێگایە وەك پرۆسەی لێکدان دروستدەبێت، کە مۆرفێمی فەرهەنگی بە دوای یەکتردا دێن، تەنیا جیاوازییان لەوەدایە، کە بەشێك لەو مۆرفێمانە لە تێکەڵکردندا لادەبرێن/دەکرتێنرێن (بێستون حەسەن ئەحمەد، 2011: 18). یان تێکەڵکردنی دوو وشەیە، لە هەریەکەیان بەشێك وەردەگیرێت، بە شێوەیەکی گشتی بەشی یەکەمی وشەی یەکەم و بەشی کۆتایی وشەی دووەمە، بۆ نموونە:

ڕۆڤار : ڕۆژنامە + گۆڤار

زانکۆ : زانین + کۆکردنەوە

تیلیکۆم : تیلیفۆن + کۆمپانیا

2/1–4–5) **کورتکردنەوە** (Acronym):

ئەکرۆنیم ڕێگەیەکی تری پەیدابوونی وشەی نوێیە، وەرگرتنی پیتی یەکەمی وشەیە، ئەم دیاردەیەش بۆ ئەوەیە، کە وشەی نوێ بێنێتە ناو زمانەکەوە بە فۆرمێکی تر چ لە ڕووی نوسین و چ لە ڕووی دەنگەوە خۆی نمایشدەکات. ئەکرۆنیم ڕێگایەکی باوی دارِشتن و سازکردنی وشەیە. کە دەنگی یەکەمی وشەکان وەردەگیرێت و وشەیان لێ سازدەکرێت، یان بەجیا گۆدەکرێن یان بە شێوەی وشەیەك (ابراهیم چگنی، 1382: 11). هەروەها لە کورتکردنەوەی وشەدا مانا بنەڕەتییەکەی پارێزراو دەبێت، واتە مانای نوێ دروستناکات، بەڵکو فۆرمێکی نوێ دروستدەکات و وەکو زاراوەیەك ڕۆژانە بەکاردەهێنرێن (A- Laurie Bauer, 2006: 498). B- (George Yule, 2010: 58). ئەم ڕێگەیە لە زمانی کوردی و فارسیش بە ڕێگەیەکی چالاك لە سازکردنی وشەدا دادەنرێت، بۆ نموونە:

ك.ژ.ك : کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان

ك.ن.ك : کۆنگرەی نەتەوەی کورد

ی.پ.گ : یەکینەکانی پاراستنی گەل

تی ڤی : تەلەڤزیۆن

5–2/1) **یاساکانی وشەدروستکردن** ( word – formation Rules):

پرۆسە و ڕێگاکانی وشەدروستکردن زۆر و جۆراوجۆرن، هەروەك لە (2/1–4) ئاماژەیان پێدراوە، لێرەدا یاساکانی دروستکردنی وشە دەخەینەڕوو، بەتایبەتیش ئەو وشانەی لە ڕێگەی لێکدانەوە دروستبوون، ئەگەر بێتو باس لە وشە لێکدراوەکان بکەین، کە بە چەند تەرزێکی جیاواز و جۆراوجۆر دروستدەبن. ئەو وشانەی بەشداری لە پێکهاتەکانیاندا دەکەن، وەك: ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار و ژمارە و ڕادە و ...تد. وشەلێکدراوەکان بەیارمەتی مۆرفێمی بەستێنەر، یان بە بێ ئەو مۆرفێمە لێکدەدرێن، بۆ نموونە :

ناو + ناو ⟵ ناوی لێکدراو

شا + ژن ⟵ شاژن

ئەو ناوە لێکدراوانەی بە پرۆسەی (ناو + ناو) دروستدەبن، چەند تەرزێکی هەیە، ناو لە زمانی کوردیدا ناتوانێت دۆخی ڕێزمانی بدات. لە ڕووی دەرخەر و دەرخراوەوە، دەشێت دەرخراو پێشبکەوێت، یان پاشبکەوێت، ئەم تەرزەی ناوی لێکدراو لە دوو ناوی سادە لە چەشنی (دەرخەر + دەرخراو) پێکدێت، ناوی یەکەم دەرخەری ناوی دووەمە، دەرخراو سەری واتایی ناوە لێکدراوەکەیە (هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان، 2015: 124). بۆ نموونە:

<u>ناو + ناوەندگر + ناو = ناوی لێکدراو</u>

گوڵ + ە + نێرگز = گوڵەنێرگز

<u>ئاوەڵناو + ناو = ناوی لێکدراو</u>

خوەش + ناو = خوەشناو

ئاوەڵناوەکە سەری ڕێزمانی وشە لێکدراوەکەیە، ناوی دووهەمیش سەری واتاییە.

<u>ئاوەڵناو + ناوەندگر + ناو = ناوی لێکدراو</u>

گێل + ە + پیاو = گێلەپیاو

<u>ناو + ئاوەڵناو = ناوی لێکدراو</u>

سەر + بەرز = سەربەرز

<u>ئاوەڵناو + ڕەگی کردار = ناوی لێکدراو</u>

خوەش + نویس = خوەش نویس (خۆشنووس)

<u>ناو + ناوەندگر + ئاوەڵناو = ناوی لێکدراو</u>

بەرد + ە + ڕەش = بەردەڕەش

<u>ئاوەڵکردار + ناو = ناوی لێکدراو</u>

ژیر + خان = ژیرخان

ئەم تەرزەی ناوی لێکدراو لە چەشنی (دەرخەر + دەرخراون)، ناوە ئاوەڵکردارییەکە سەری ڕێزمانییە.

<u>ئاوەڵکردار + ناوەندگر + ناوی کات = ناوی لێکدراو</u>

پاش + ە + ڕوژ = پاشەڕوژ

<u>ژمارە + ناو = ناوی لێکدراو</u>

هەزار + پا = هەزارپا (هەزارپێ)

<u>ئاوەڵناو + ناوەندگر + ناو = ناوی لێکدراو</u>

پیر + ە + ژن = پیرەژن

<u>ئاوەڵناو + ناو = ئاوەڵناوی لێکدراو</u>

خوەش + باوەڕ = خوەشباوەڕ

<u>ناو + ئاوەڵناو = ئاوەڵناوی لێکدراو</u>

دڵ + پاك = دڵپاك

<u>ژمارە + ناو = ئاوەڵناوی لێکدراو</u>

دوو + دڵ = دوودڵ

<u>ناو + ناوەندگر + ناو = ئاوەڵکرداری لێکدراو</u>

مانگ + ە + شەو = مانگەشەو

<u>ناو + کردار = کرداری لێکدراو</u>

نقوم + کرد = نقومکرد

<u>ئاوەڵناو + کردار = کرداری لێکدراو</u>

خەم + خوارد = خەمخوارد

<u>کرداری بنەڕەتی + ناوەندگیر + ئاوەڵکردار = کرداری لێکدراو</u>

کەفت + ە + ژیر = کەفتەژیر

ئەمانە هەندێکن لەو یاسایانەی کە وشەکانی زمانی کوردییان لێ دروستدەکرێت، ئەویش لە ڕێگەی پرۆسەی لێکدانەوە دروستدەبن.

**ئەنجامەکان**

1- پرۆسەی لێکدان لە هەموو ئاستەکاندا هەیە، واتە تەنها تایبەت نییە بە یەکێك لە پێکهاتەکانی زمان، بەڵکو لە هەر پێکهاتەیەکدا یاسای تایبەتی خۆی بۆ لێکدانی کەرەستەکان هەیە، لە ئاستی دەنگسازیدا بە هەردوو لقە زانستی فۆنەتیك و

**فۆنۆلۆجییەوە بەهۆی لێکدانی (دەنگ، فۆنێم)ەوە چەند گۆڕانێك بەسەر فۆنێمەکاندا دێت، کە بە یاسا فۆنۆلۆجییەکان ناودەبرێن، وەکو (پەیدابوون، تێچوون، جێگۆڕکێ، دەنگگۆڕکێ، تەبایی، ...)، هەروەها لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا بەهۆی لێکدانی مۆرفێم/ وشەکانەوە وشەی ناسادە (وشەی داڕێژرا و وشەی لێکدراو) دروستدەبێت و بە لێکدانی مۆرفێم و وشەکانیش فرێزو ڕستە دروستدەبێت، کە دەچێتە قاڵبی سینتاکسەوە. ئەم پرۆسەیە هەر لە کۆنەوە لەلایەن زمانەوانانەوە (دێرین، دروستەکاریی، بەرهەمهێنان و گوێزانەوە) گرنگی پێدراوە.**

**2- پێواژۆ مۆرفۆلۆجییەکان بەسەر وشەدروستکردن و وشەشکانەوەدا دابەشدەبێت، لە ناو وشەدروستکردندا پرۆسەی وشەداڕشتن و وشەلێکدان هەیە، بێگومان پرۆسەی وشەلێکدان یەکێکە لە ڕێگە گرنگەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی و زۆربەی زمانەکانی تر، لەگەڵ ئەوەشدا فراوانبوونی وشەکانی زمانەکەمان لەسەر بنەمای ئەو وشانەی کە لە فەرهەنگی زمانەکەمان بوونیان هەیە، دروستبوون، بۆیە پرۆسەی وشەلێکدان پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆجی ناو فەرهەنگە، کە بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان دەکات، هەروەها پرۆسەیەکە وشەی لێکدراو دەرکردەی ئەو پرۆسەیەیە و ڕێگەیەکی گرنگ و بەبەرهەمی وشەدروستکردنە.**

**3- وشە بیانییەکان بەتایبەت وشەکانی زمانی (فارسی، عەرەبی) بەشداری لە دروستکردنی بەشێك لە کردارە لێکدراوەکانی ئەم شێوەزارەدا دەکەن، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوەزارە و لایەنێکی تری گرنگ ئەوەیە، هەندێك لە کردارەلێکدراوەکان کرداری بنەڕەتی یاخود کرداری داڕێژراون لە شێوەزارەکانی تری زمانی کوردیدا.**

## سەرچاوەکان


ا– بە زمانی کوردی:

یەکەم/ کتێب:

1. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، 1975، وشەی زمانی کوردی ،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغداد .
2. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، 1977 ، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغداد.
3. دارا حەمید محەمەد ، 2013 ، هەندێ لایەن لە تیۆرییەکانی زمان ، چاپخانەی گەنج ، چاپی یەکەم .
4. رفیق شوانی ، 2011 ، وشەسازی زمانی کوردی ،چاپی یەکەم ، هەولێر 0
5. سەلام ناوخۆش، 2008 ، زمانناسی ،چاپخانەی کاروان ،چاپی دووەم ، هەولێر0
6. شەهاب شێخ تەیب ، 2012 ، بنەماو پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا ،چاپخانەی کەمال ، سلێمانی 0
7. فاروق عومەر سدیق ، 2011 ، لە دایکبوونی وشە،چاپخانەی شڤان ،چاپی یەکەم ،2011،سلێمانی0
8. عبدولجەبار مستەفا مەعرووف، 2020 ، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی،چاپخانەی سارا، چاپی یەکەم.
9. عبدولواحید موشیر دزەیی، 2014 ، لێکسیکۆلۆجی ،چاپی دووەم ، هەولێر0
10. ......................... ، 2012 ، وشەسازی زمانی کوردی ، چاپی یەکەم چاپخانەی ئاوێر ، هەولێر .
11. محەمەدی مەحویی و نەرمین عومەر ئەحمەد، 2004 ، مۆدێلی ڕێزمانی کوردی ،چاپخانەی ژیر ، سلێمانی0
12. محەمەدی مەحویی، 2006 ، ئاوەزداری و ڕێزمانی ناوەرۆك–وابەستە، سلێمانی .
13. محەمەدی مەحویی، 2001 ، زمان وزانستی زمان ،چاپخانەی سەردەم ،بەرگی یەکەم ، سلێمانی0
14. محەمەد مەعروف فەتاح، 1990 ، زمانەوانی،چاپخانەی دار الحکمە ، هەولێر0
15. محەمەد مەعروف فەتاح، 2010 ، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ،چاپخانەی ڕۆژهەلآت،چاپی یەکەم هەولێر0
16. محەمەد مەعروف فەتاح ، 2011 ، زمانەوانی،چاپخانەی حاجی هاشم ،چاپی سێیەم ، هەولێر0
17. محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر ، 2006 ، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی ، چاپخانەی ڕوون ، سلێمانی .
18. شێروان حوسێن خۆشناو، 2016 ، توانای مۆرفێمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا ، نامەی دکتۆرا، چاپخانەی نارین ، هەولێر .
19. نوری عەلی ئەمین، 1960 ، ڕێزمانی کوردی ،چاپخانەی کامەران، سلێمانی0
20. وریا عومەر ئەمین، 2004 ، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، چاپی یەکەم ، هەولێر .

دووەم/ نامەی ماستەر و دکتۆرا :

21. ئەبوبەکر عومەر قادر، 2003 ، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە نێوان زمانی کوردی و فاارسیدا ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی .
22. بەکر عومەر عەلی، 1992 ، بەستن و کرتاندن لە کوردیدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی ئاداب — زانکۆی سەلآحەدین .
23. بێستون حەسەن ئەحەمەد، 2012 ، کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان — زانکۆی سلێمانی .
24. بازیان یونس محی الدین ، 2008 ، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان – زانکۆی سەلآحەدین .
25. بژوێن یەحیا محەمەد ، 2016 ، نواندنی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی .
26. تابان محەمەد سەعید، 2008 ، گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان — زانکۆی سلێمانی .
27. تاراموحسین قادر، 2011 ، زمانی کوردی و مینیماڵ پرۆگرام ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان — زانکۆی سلێمانی .
28. حاتەم ولیا محەمەد، 2006 ، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان — زانکۆی سەلآحەدین .
29. سازان زاهیر سەعید، 2009 ، پێزی مۆرفێمە داڕێژەکانی بچوککردنەوە وناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلآحەدین .
30. سەلام ڕحیم ڕەشید، 2014 ، یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە شێوەزاری خانەقیندا ، نامەی ماستەر فاکەڵتی پەروەردە = زانکۆی کۆیە .
31. سیروان سمین ئەحمەد، 2015 ، دروستەی سینتاکسی لەشێوە ئاخاوتنی ناوچەی کەرکوکدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی .

32. سۆزان سەعدوڵلا عەبدولغەنی، 2019 ، وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوە لە ئاخاوتن و نووسیندا ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی .

33. شیلان عومەر حسەین، 2012 ، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا،نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی .

34. شێروان حسێن حمد، 2014، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین .

35. نازەنین جەلال ئەحمەد، 2004 ، وشەی لێکدراو لە دیالێکتی کرمانجی خواروی زمانی کوردیدا لەڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی پەروەردە ( ئیبن ڕوشد)/ زانکۆی بغداد .

36. نەرمین عومەر ئەحمەد، 2010 ، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سەلاحەدین .

37. نەسرین نوری عەبدولا، 2016 ، کاریگەری زمانە دراوسێکان لەسەر شێوەزاری خانەقین، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی .

38. میدیا مراد محمدامین، 2009 ، لێکدان و خستنە پاڵ لە زمانی کوردی دا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین .

39. محەمەد مەجید سەعید، 2015، فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێکسیمبوون، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

40. مستەفا ڕەزا مستەفا، 2019 ، پۆلێنکردنە مۆرفیمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکی و سستی ئەمڕۆیان لە زمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی .

41. هێژا کەمال محمد، 2016، سەنگ وبەهای بیر لەیەکگرتنی ناولێنراو بە ناولێنەرەوە لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی .

42. هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان، 2016 ، پرۆسە و یاساکانی وشە دروستکردن لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی .

43. هیوا مەولود عەبدوڵلا، 2016 ، ئەنالۆژیای کۆدگۆڕینەوە لە زمانی کوردییدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی .

44. عوسمان کەریم عبدولڕەحیم، 2014 ،وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی .

45. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ ، 1995 ، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی ئیبن ڕوشد/ زانکۆی بەغدا .

سێیەم/ گۆڤار:

46. ئاڤێستا کەمال مەحموود (2016)، پێکداچوونەکانی نێوان فەرهەنگی ئاوەزیی و پەنابەرێتی زمانیی ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە (50) ، بەشی B.

47. ئومێد بەرزان برزو، 2015، گۆڕانە ڕستەسازییە دەنگییەکان (فۆنۆسینتاکسییەکان) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (7).

48. دلێر سادق کانەبی، 2018 ، بەبەرهەمیی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی (1)، ژمارە (2).

49. وریا عومەر ئەمین ، 1989 ، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی، گۆڤاری زانیاری عێراق– دەستەی کورد،بغداد،ژمارە(20) .

50. مستەفا زەنگەنە، 2003 ، پێناسەکانی وشە،گۆڤاری کاروان ،ژمارە(169) .

51. ئومێد بەرزان برزۆ و شادان حمەئەمین محمد، 2017 ، مۆرفیمە هاوبێژو فرەواتاکان لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ، ژمارە (45) .

52. نازەنین جەلال ئەحمەد، 2018 ، هەندێ لایەنی وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا – کرمانجی ناوەڕاست بەپێی یاساکانی گوێزانەوە ، گۆڤارا زانکویا دهۆك ، پەربەندا ( 21 ) ، ژمارە ( 2 ) .

53. سەلام ناوخۆش، 2005 ، قوتابخانەی زمانناسی بونیادگەری ئەمریکی ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە (103).

ب– بە زمانی فارسی:

54. ابراهیم چگنی، 1382، دائره معارفی زبان و زبانها،چاپ اول، دانیشگاه لرستان، نشر بهنام.

پ– بە زمانی ئینگلیزی:

**55.** Katamba.F, stonham.J. (2006) Morphology, secon published. Palgrave Macmillan. London.

**56.** Fromkin, V.Rodman, R, Hayams, N. (2003) an introduction to language, seventh edition.U.S.A.

**57.** Cook and Newson, M. (1997) Chomsky's universal grammer: An introduction 2 edition.oxford.biakwell.

**58.** Laurie Baure, (1983) English word – formation.cambridge .University press.

**59.** ..……………, (2006) The Handbook of English Linguistics, Edited by Bas Aarts and April Mcmahon, Blakwell, puplishing Ltd.

**60.** Falk, J.S. (1978) Linguistics and Language, second edition .John wileyn.sons.New York, Santa Barbara.

**61.** George Yule, (2010) The study of Language, fourth edition, puplished in USA, Cambridge University press.

**62.** S. Rajendran (2001) Word formation in Tamil .Department of linguistics. Tamil University.

**63.** Sergio Scalise. (1986) Generative Morphology, foris publications. Dordrecht – Holland / Riverton – U.S.A.

**64.** Ludmila Veselovska ( 2017 ) English Morphology , 2nd edition , Reviews : Jeffrey Parrott , phD ; Dagmar Machova , phD .

**65.** Borbala Richter, (2006), Firsr steps in Theoretical and Applied Linguistics, Bolcsesz Konzorcium, Budapest.

**66.** Geert Booij, (2005) The Grammer of Word, puplished in the US, University press INC – New York.

**67.** Mark Aronoff and Kirsten Fudeman, (2011) what is Morphology? , Second Edition, first puplished, Wiley-Blackwell Ltd.

**68.** Chomsky, (1965), Aspects of the theory of syntax, Cambridge, MA: MIT press.

## عملية الضرب و صنع الكلمات في اللغة

**الملخص:**

عنوان البحث عبارة عن (عملية الضرب و صنع الكلمات في اللغة)، المقصد الرئيسي من هذه البحث، هو إظهار عمليات الضرب في درجات اللغة من ناحية وفي وجهة نظر المدارس اللغوية في ناحية اخرى، أيضا التحدث عن النماذج والعمليات وقوانين صنع الكلمات ودمج الكلمات وعملية الدمج بأداة اللهجة الخانقية، وهو إحدى لهجات الكرمانجية التحتية للغة الكردية، الاداة و الامثلة تم اخذه من الكلام اليومي للمتكلمين الحاليين باللهجة الخانقية، في هذه البحث تم اتباع الطريقة الوسفية التحليلية.

**الكلمات الدالة:** عملية الضرب، صنع الكلمات، دمج الكلمات، فعل مركب، لهجة خانقين.

## The process of multiplication and making words in the language

**Abstract:**

The title of the research is about (the process of multiplication and making words in the language), The main purpose of this research is to show the multiplication operations in language levels on the one hand and from the point of view of language schools on the other hand, We also talk about models, processes, word-making laws, word merging, and the process of merging with the tool of the Khanaqi dialect, which is one of the underlying Kurmanji dialects of the Kurdish language, The tool and examples are taken from the everyday speech of the current speakers of the Khanaqi dialect, In this research, the analytical method was used.

**Keywords:** Compound process, making words, Compounding word, Compound verb, Khanaqi dialect.